# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٣٠٦) ساڵی بیست و سێ ١٤حوزەیران ٢٠٢٣زایینیی ٢٤ جۆزەردان ٢٧٢٣ کوردی ٢٥ ذوالقعدە ١٤٤٤ کۆچی

**306**



**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار** ١ ٧

ڕێنمایی تایبەت بە ئاسان جێبەجێ کردنی یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار وکەلەپوور لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٢١

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ١٢

مۆڵەتدان بەدامەزراندنی پرۆژەی سەربڕخانەی ئاژەڵی و مەرجەکانی ئامادەکردن وبەرهەم هێنانی گۆشتی تەندروست

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٣٦

تایبەت بەهەواڵدەری نهێنی

**ڕێنمایی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ٣٨

ڕێنمایی هەموارکردنی ڕێنمایی سیستەمی لە بری نۆرینگە (بدل عیادات) ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١

**ڕێنمایی ژمارە (١ ی ٢٠٢٣ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی** ٤٠

ڕێنمایی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی** ٤٢

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی کارەبا** ٤٣

هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١ ڕێنمایی و مەرجەکانی پێدانی ووزەی کارەبا

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی ناوخۆ** ٤٤

هەمواری یەکەمی ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێو دەوڵەتی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢

**بەیانی ژمارە (٨ – ٩ – ١٠ )ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی ناوخۆ** ٤٤

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢٣ ئەنجومەنی دادوەری** ٤٦

**بەیانی ژمارە (٢٣ – ٢٤ – ٢٥ – ٢٦ – ٢٧ - ٢٨ )ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ٤٧

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٣٠٦) السنة ثلاثة وعشرون ١٤ حزيران ٢٠٢٣ م. ٢٤ جۆزەردان ٢٧٢٣ ک. ٢٥ ذوالقعدة ١٤٤٤ هـ.

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

**306**



| | |
|---|---|
| قرار مجلس القضاء لسنة ٢٠٢٣ | ص<br>٤٨ |
| **فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط** | **ص** |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة البلديات والسياحة | ١ |
| تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الزاعة والموارد المائية | ١٢ |
| تعليمات رقم (٧) لسنة ٢٠٢٣ وزارة المالية والاقتصاد | ٣٦ |
| تعليمات رقم (١٥) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة | ٣٨ |
| تعليمات رقم (١-٢) لسنة ٢٠٢٣ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي | ٤٠ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الكهرباء | ٤٣ |
| تعليمات رقم (٧) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الداخلية | ٤٤ |
| بيان رقم (٨-٩-١٠) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الداخلية | ٤٥ |
| بيان رقم (٢٣-٢٤-٢٥-٢٦-٢٧-٢٨) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة | ٤٧ |



No. 306 Date: June 14, 2023 Vol.: 23

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

سعر ١٥٠٠ دينار

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار**

**ژمارە: ٦٣٨٦ لە ٢٠٢٣/٦/٧**

پاڵپشت بە ماددەی (٣٠) لە یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠٢١) , ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی تایبەت بە ئاسان جێبەجێ کردنی یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار وکەلەپوور لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١) :**

بەمەبەستی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە، مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق .

**دووەم : یاسا** : یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە( ٥) ی ساڵی ٢٠٢١ .

**سێیەم: وەزارەت** : وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزاری هەرێم .

**چوارەم: وەزیر** : وەزیری شارەوانی و گەشتو گوزاری هەرێم .

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی** : بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور لە وەزارەت .

**شەشەم: مۆڵەت**: ڕێگەدان بە پسپۆڕان ودام ودەزگا زانستی وزانکۆ وپەیمانگەکانی ناوخۆ وبیانی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ مەبەستی کاری شوێنەواری و کەلەپووری .

**حەوتەم: تیمی نیشتیمانی** : بریتیە لە زانکۆ و بەشە شوێنەوارییەکان و پەیمانگە شوێنەواری و ڕێکخراوە پسپۆڕیەکانی بواری شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێم و تیمەکانی پێکهاتوو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی .

**هەشتەم: تیمی شوێنەواری**: بریتیە لە کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کە (سەرپەرشتیاری زانستی، بەڕێوەبەری پڕۆژە، نوێنەر، ئەندامی شوێنەوار ناس بەپێی پێویست، ئەندازیار بەپێی پسپۆڕی پێویست، مێژوو ناس بەپێی پێویست، جیۆلۆجی لەکاتی پێویست، جوگرافناسی لە کاتی پێویست، ڕووپێو، کارگێڕی، یاسایی، ژمێریاری) دەگرێتەوە.

**نۆیەم: تیمی بیانی** : بریتیە لەپسپۆڕان و دام ودەزگا زانستی و زانکۆ وپەیمانگەکانی بیانی لە بواری شوێنەوار وکەلەپوور کە کاری شوێنەواری وکەلەپووری وگەڕان وڕووپێوی وهەڵکۆڵین ونۆژەنکردنەوە ئەنجام دەدەن .

**ماددەی (٢): مۆڵەتدان بە تیمەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :**

**یەکەم** : مۆڵەتدان بە تیمی نیشتیمانی: بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت

أ- مۆڵەتدان بەو تیمە بەهەمان مەرجەکانی هاتوو لە یاسا دەبێت .

ب- لە رسومات دەبەخشرێ .

ج- مۆڵەتی سەرەتایی ولەناکاو بۆ جێبەجێ کردنی کاری شوێنەواری وکەلەپووری بۆ ماوەی مانگێک دەدرێت بەبڕیاری بەڕێوەبەری گشتی.

د- نابێت دەرئەنجامی توێژینەوەکان ولێکۆڵینەوەکان لەلایەن تیمی نیشتیمانی لە پێگەی کاری شوێنەواری و کەلەپووری بەبێ ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار ڕابگەیەنرێت .

**دووەم : مۆڵەتدان بە تیمی بیانی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:**

أ- مۆڵەتدان بەو تیمە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێکی شوێنەواری بەپێی هەمان مەرجەکانی هاتوو لە یاسا دەبێت.

ب- مۆڵەتی سەرەتایی دەدرێت بەو تیمە بۆ جێبەجێ کردنی کاری شوێنەواری وکەلەپووری بۆ ماوەی مانگێگ بەبڕیاری بەرێوەبەری گشتی.

**سێیەم :** چۆنیەتی دانانی نوێنەر لە تیمەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

لە کاتی کارکردندا لەگەڵ تیمی مۆڵەت پێدراو پێویستە لانیکەم دوو شوێنەوارناس کە کارمەندی بەڕێوەبەرایەتیەکان یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی بن وەکو نوێنەر وئەندام کار بکەن بە پێی ئەو مەرجانەی کە لە یاسادا هاتووە ودانانی بەم شێوەیە دەبێت :

أ- بەپێی فەرمانی بەڕێوەبەری گشتی شوێنەوار و کەلەپوور نوێنەر لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی وبەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار کەلەپووری شارەکان دەست نیشان دەکرێت .

ب- ئەرک ومەرجەکانی نوێنەر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیار دەکرێت بەپێی سروشتی کاری شوێنەواری.

ج- بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری پەیوەندار دەبێت ناو و ناونیشانی سەرجەم ئەوانەی کە لە پرۆژەکەدا کار دەکەن بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بنێرێت پێش دەست بەکاربوون بۆ هەر وەرزێکی کارکردن لەکاتی گۆڕانی هەریەکێک بەنووسراو بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار ئاگادار بکاتەوە .

د- لەکاتی بەشداربوون لە وۆرکشۆپ یان کۆنفرانس یان خولی ڕاهێنان لە دەرەوەی وڵات لەسەر بانگهێشتی فەرمی تیمی شوێنەواری بیانی بەڕێوەبەری گشتی دەسەڵاتی مۆڵەتدانی هەیە بۆ ماوەی (١٠)دە ڕۆژ بە ئاگاداری وەزارەت وئەگەر ماوەکە زیاتر بوو پێویستە ڕەزامەندی وەزیر وەربگیرێت .

ە- پێشینەی کارکردن وەک کرێکار لە پرۆژەی شوێنەواری بۆ دانیشتوانی ناوچەی پرۆژەکە دەبێت .

**چوارەم :** پاداشتی سەرپەرشتیار و ئەندامانی تیمی شوێنەواری بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ- پاداشتی مەیدانی ڕۆژانە بۆ سەرپەرشتیار و ئەندامانی تیم لە کاتی کارکردن لەگەڵ تیمە بیانییەکان لەسەر بوودجەی ئەو تیمە بەم شێوەیە دەبێت :

١- سەرپەرشتیاری زانستی کاری شوێنەواری بۆ هەر ڕۆژێک (٦٠,٠٠٠) شەست هەزار دینار .

٢- بەڕێوەبەری کارەکە بۆ هەر ڕۆژێک (٦٠,٠٠٠) شەست هەزار دینار .

٣- نوێنەری کارەکە بۆ هەر ڕۆژێک (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار .

٤- ئەندامانی تیم بۆ هەر ڕۆژێک (٣٥,٠٠٠) سی و پێنج هەزار دینار .

٥- ئەندامانی (کارگێڕی ، یاسایی ، ژمێریاری) بۆ هەر ڕۆژێک (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار .

ب- لە کاتی ئەنجامدانی کاری شوێنەواری ڕاستەوخۆ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە هەموو جۆرەکانی پێویستە بوودجەی تایبەت تەرخان بکرێت وپاداشتی کارمەندانی تیمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە شێوەی پاداشت تەنها بۆ ماوەی کاری شوێنەواری خەرج دەکرێت :

ج- پاڵپشت بە هەردوو بەندی (یەکەم) و( دووەم) لە ماددەی (٩) لە یاسا لە کاتی بوونی هەر بەربەستێک لە جێبەجێ کردنی هەر پرۆژەیەک لەلایەن کەسانی سروشتی یان مەعنەوی لەو شوێنانەدا کە شوێنەواری وکەلەپووری وناوچەی پارێزراون بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان بەڕێوەبەرایەتیەکانی شوێنەوار وکەلەپوور لەسەر ئەرکی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژەکە کاری بەدواگەڕان وهەڵکۆڵین ئەنجامدەدات وتێچووی کارەکە لەکۆی تێچووی پرۆژەکەدا دیاری دەکرێت کە پاداشتی ئەندامانی تیمی شوێنەواری لەو تێچووە هەژمار دەکرێت .

د- خەرج کردنی پاداشتی هاتوو لە هەردوو بڕگەی (ب-ج) لەم بەندە بەپێی ڕێنماییەک ڕێک دەخرێت کە لەلایەن وەزارەتی دارایی وئابووری دەردەچێت بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** کرێی پشکنین بۆ کارمەندانی شوێنەوار خەرج دەکرێت بەپێی ڕێنمایی دارایی کراپێکراو لەکاتی دروست کردنی بینا بە گشت جۆرەکانی وەک خانوو و باڵەخانەی بازرگانی و پرۆژەی پیشەسازی وکشتوکاڵی کە لەلایەن کەسانی سروشتی یان مەعنەوی دروست دەکرێت لەو شوێنانەی شوێنەواری وکەلەپووری وناوچەی پارێزراون.

**دووەم:** پرۆژەی پیشەسازی دەبێت لایەنی کەم (١٠٠٠) هەزار مەتر دووربێت لە محرماتی گردی شوێنەواری وە نابێت نزیکی بینا و باڵەخانە کەلەپوورییەکان بێت ـ

**ماددەی (٤) : نۆژەنکردنەوەی بینا کەلەپوورییەکان و مەرجەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:**

**یەکەم :** خاوەنی موڵکی کەلەپووری بۆی هەیە، باڵەخانەکەی یان هەر جۆرە بینایەکی تری کەلەپووری هەبێت نۆژەنی بکاتەوە بە ئاگاداری و سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری پەیوەندیدار.

**دووەم:** ئەگەر خاوەن موڵک توانای دارایی هەبێت و هەڵنەستێت بە چاکردنەوەو نۆژەنکردنەوەی باڵاخانە کەلەپووریەکەی ئەوا بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری پەیوەندیدار هەڵدەستێت بە نۆژەنکردنەوەی لەلای خۆی لەسەر ئەژمێری خاوەن موڵک، دانانی نیشانەی گڵدانەوە تاکو بڕی خەرجکراو بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێندرێتەوە.

**سێیەم:** ئەگەر سەلمێنرا هاووڵاتی خاوەن مولک کەم دەرامەت بوو، ئەوا بەڕێوەبەڕایەتی گشتی لەسەر بودجەی خۆی بە ئەرکی نۆژەنکرنەوەی خانووە کەلەپورییەکە هەڵدەستێت.

**چوارەم:** پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری ساڵانە بوودجەیەکی تایبەت بۆ مەبەستی خۆماڵەکردنی شوێنە کەلەپوورییەکان تەرخان بکات، بیخاتە سەر ئەژمێری بانکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

**پێنجەم:** ئیدارەی خۆجێی و قایمقامیەت و ناحیەکان بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار وکەلەپووری ناوچەکەیان گەڕەکە کەلەپوورییەکان دەپارێزن.

**شەشەم:** لایەنی سوودمەند لە هەر موڵکێکی کەلەپووری خۆماڵەکراو (بینا، باڵەخانە، قشلە، قولە،قەڵا، پرد،...) بەڕێوەبەرایەتیەکان شوێنەوار دەبێت.

**حەوتەم:** بۆ خۆماڵەکردنی شوێنە کەلەپوورییەکان، لەکاتی نەبوونی پارەی نەختینە شارەوانی پەیوەندیدار هەڵدەستێت بە دابینکردنی قەرەبووی عەینی بۆ خاوەن موڵک.

**هەشتەم:** هەموو ناوچە شوێنەواری وکەلەپوورییەکان کە لەلایەن شوێنەوارەوە بە کەلەپوور دیاری کراوە، لە ڕۆژنامەی وقایعی کوردستان بڵاوکرابێتەوە یان بڵاونەکرابێتەوە، حوکمەکانی ئەم شوێنەوارە لەسەریان جێبەجێ دەبێت.

**ماددەی (٥) :**

**یەکەم:** لەکاتی بەکارهێنانی ناونیشانێکی شوێنەواری بۆ کۆگایەکی بازرگانی یان پیشەسازی یان هەرشتێکی تر، دەبێت ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەربگرێت،

**دووەم:** ڕێکلام کردن لە شوێن و پێگە و هۆڵی شوێنەواری وکەلەپووری، دەبێت بە ئاگاداری و ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری پەیوەندیدار بێت.

**سێیەم:** لەکاتی بەرهەمهێنانی هەر بەرهەمێکی بینراو و بیستراو( سەبارەت بە ..........)، بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری پەیوەندیدار ڕەزامەندی دەدات، و لێژنەیەکی هونەری بڕی رسومات دیاری دەکات.

**چوارەم:** نابێت بورجی کۆمپانیاکانی گواستنەوەو ئەنتەرنێت لەسەر ناوچە شوێنەوارییەکان و کەلەپوورییەکان و محرماتەکانیان جێگیر بکرێت. بەڵام ئەوانەی پێشتر جێگیرکراون دەبێت لابرێن یان دەکرێت بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری پەیوەندیدار لە سنوری ناوچەی شوێنەواریەکە بمێنێتەوە، بە مەرجێک زیان بە ناوچە شوێنەوارییەکە نەگەیەنێت، بە ڕێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری پەیوەندیدار بەرامبەر بە پێدانی کرێی مانگانە کە لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** کەسی سروشتی ومەعنەوی بۆی هەیە مۆزەخانەی کەلەپووری بکاتەوە، بە مەرجێک لە لایەن شوێنەوار وکەلەپووری بەڕێوەبەرایەتی سنووری خۆی پشتگیری بکرێت و بەپێی مەرجەکانی بەڕێوەبەڕایەتی گشتی مۆلەتی پێ دەدرێت .

**دووەم :** لەبەرامبەر مۆلەتدان بۆ کردنەوەی مۆزەخانەی کەلەپووری بڕی رسومات لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆڕ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارو کەلەپوور دیار دەکرێت، نوێکردنەوەی ساڵانەی مۆڵەت (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دینار دەبێت.

**سێیەم:** دەبێت بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی مۆزەخانەی کەلەپووری شوێنەوارناسێک کە دەرچووی شوێنەوار بێت ئەندام بێت لە بەڕێوەبردنی مۆزەخانەکە .

**چوارەم:** دەکرێت پارچەی کەلەپووری کڕین وفرۆشتنی پێوە بکرێت، بەدەر لەوانەی لەلایەن لێژنەی هونەرییەوە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیاری کراون.

**پێنجەم** : پارچەی کەلەپووری مامەڵە پێکراو تەنها بۆ ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەبێت.

**ماددەی (٧) :**

**یەکەم :** لیژنەی هونەری لێژنەیەکە لە کەسانی پسپۆڕ لە بواری شوێنەوار ناسی و بوارەکانی تری پەیوەندیدار بە شوێنەوار پێکدێت بەم شێوەیەی خوارەوە :

**أ-** وەزیر لەسەر پێشنیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێکهاتەی لیژنەی هونەری لە کەسانی پسپۆر لە بواری شوێنەوار وکەلەپوور دیار دەکات .

**ب-** بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەنجامی کاری لیژنەی هونەری وەزیر ڕادەگەیەنێت .

**دووەم : ئەرکەکانی لێژنەی هونەری بریتیە لە :**

أ- دیارکردنی هەر کەلوپەلێک وپارچەیەکی شوێنەواری وکەلەپووری کە ڕەسەنە یان ساختەیە.

ب- خەملاندنی بڕی قەرەبووی ماددەی ئەو زیانانەی بەر شوێنەوار یان کەل وپەلە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان دەکەون .

ج-دیارکردنی نرخی هەر پارچەیەکی شوێنەواری یان کەلەپووری کە پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان بەڕێوەبەرایەتییەکانی شوێنەوارو کەلەپوور دەکرێ .

د- دیارکردنی بڕی پاداشت بۆ هەر کەسێک کە شوێنەوار یان کەلەپوور دەدۆزێتەوە یان زانیاری دەدات بۆ دۆزینەوەی .

ه- دیارکردنی مافەکانی پەیوەندی هاوسێیەتی (حقوق الارتفاق) لەسەر موڵک و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوروبەری شوێنە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان لەڕێگەی جێگیرکردنی پشتێنەیەک لە چواردەوری ئەو شوێنانە لەگەڵ ڕەخساندنی ڕێگا وڕێڕەوی گەیشتن پێیان بە مەرجێک شوێن و ناوچە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان پارێزراوبن.

و- ڕەچاوکردنی ئاستی نزیکی و دووری ئەو زەویانەی دابەش دەکرێت جا موڵکی دەوڵەت یا موڵکی کەسانی سروشتی یان مەعنەوی بێت یاخود خانوو یان باڵەخانەی لەسەر دروست دەکرێت یان لە کاتی گۆڕینی سیمای خانوو باڵەخانەکان لە شوێنە شوێنەواری و کەلەپوورییەکانەوە و چۆنیەتی کارکردن لەو شوێنانەدا.

ز- بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بۆ ئەو شوێنەوار و کەلەپوورە گوازراوانەی کە لە دەرەوە هێنراونەتە ناو هەرێم و ئاگادار کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەم بابەتە.

**ماددەی (٨) :**

ئەگەر سەلمێنرا ئەو کەلەپوورە گوازراوانەن کە لە دەرەوە هێنراونەتە ناو هەرێم شوێنەوارین و لە وڵاتی خاوانداری خۆیان بە شێوەیەکی نا یاسایی براونەتە دەرەوەی وڵات ئەو کات دەستی بەسەردا دەگیرێت و بە ڕەچاوکردنی مەرجی مامەڵەی هاوشێوە بۆ وڵاتە ڕەسەنەکەی دەگەڕێتەوە.

**ماددەی (٩):**

**یەکەم:** نابێت کشتوکاڵ بە هەموو جۆرەکانیەوە لە ناوچە شوێنەوارییەکان بکرێت.

**دووەم:** دەکرێت جۆگەی ئاو لێبدرێت لە ڕۆخی ناوچە قەدەغەکراوەکان بە جۆرێک قوڵیەکەی لە (٢٥)سم بیســـت و پێنج و پانیەکەی لە(٥٠) ســـم پەنجا تێپەڕ نەکات، بۆ ئاودانی ســـەوزەو بەروبومی کشتوکاڵ وەک گەنم و جۆ ڕێگە پێدراوە، بە هیچ شێوەیەک درەختی تیادا ناڕوێنرێت.

**سێیەم:** نابێت ناوچەی شوێنەواری تەخت بکرێت یان بە ئاو دابشورێت، چ بە مەبەستی کشتوکاڵ **بێت** یان هەر مەبەستێکی تر بێت.

**چوارەم:** بۆ گردە شوێنەوارییەکان کە لە ئاستی زەوی بەرزن، ماوەی ڕێگەپێنەدراو بۆ بابەتەکانی هاتوو لە بڕگەکانی (یەکەم ) و (دووەم) و (سێیەم) لەم ماددیە بەمشێوەیە دەبێت:

أ- تەپۆلکەی بچووك (٣٠ -٥٠ مەتر) لەهەمو لایەك .

ب- گردی مام ناوەند ( ٧٥-٥٠ مەتر ) لە هەموولایەك .

ج- گردی گەورە ( ١٠٠- ١٥٠ مەتر ) لە هەموولایەك .

**پێنجەم:** ڕواندنی دار لە نزیک گردە شـوێنەوارییەکان و ناوچە ڕێگەپێنەدراوەکان (محرمات) قەدەغەیە بەمشێوەی خوارەوە:

أ- گردی بچووک ( ٢٠ مەتر ) لە هەموو لایەکەوە پاش ناوچەی ڕێگەپێنەدراو.

ب- گردی مامناوەند ( ٣٠ مەتر ) لە هەموو لایەکەوە پاش ناوچەی ڕێگەپێنەدراو.

ج- گردی گەورە ( ٥٠ مەتر ) لە هەموو لایەکەوە پاش ناوچەی ڕێگەپێنەدراو.

**شەشەم:** نابێت گرێبەست لەسەر ئەو پارچە زەوییانە بکرێت کە جیا دەکرێنەوەو دەکەونە سەر بەشێکی گردی شوێنەواری وڕێگە نادرێت بە کشتوکاڵ وچاندن.

**حەوتەم:** نابێت هیچ پڕۆژەیەکی ژینگە پیســـکەر کە پاشـــەڕۆی ناتەندروســـت وبینراوی هەیە، لە نزیک ناوچە شوێنەوارییەکان کە سروشتی گەشتیارییان هەیە، ئەنجام بدرێت.

**هەشتەم:** دەکرێت پاسەوانی ناوچە شوێنەوارییەکان بە ڕەزامەندی و ئاگاداری لایەنی شوێنەواری ئەو شـــوێنانەی کە دەشـــێن بۆ شـــینایی وەرزی ئەنجام بدات بە گرێبەســـتی وەرزی، بە مەرجێک زێدەڕۆیی نەکاتە سەر شوێنی تر وەک هاندانێک بۆ پاراستنی شوێنەکە.

**نۆیەم:** لەکاتی دەرکەوتنی شـــوێنەوار لە ژێر ئەو زەوییـانەی کە بۆ مەبەســـتی چـاندن **دیـار** کراون گرێبەستەکە کشتوکاڵییەکە هەڵدەوەشێتەوە، پاش کۆتایی هاتنی وەرزی چاندنەکە.

**دەیەم:** لەکاتی لێدانی جۆگەی ئاودێری یان ئاوو ئاوەڕۆ لە ناوچە کشتوکاڵیە گرێبەست لەسەرکراوەکان، ئەگەر **دە**رکەوت ناوچەکە شوێنەوارییە، ئەوا گرێبەستە کشتوکاڵییەکە هەڵدەوەشێتەوە، دەکرێت بۆ شوێنێکی نزیک یان شوێنێکی تر بگوازرێتەوە .

**یازدەم:** بۆ ناوچە شـــوێنەوارییە تێکەڵاو وئاڵۆزەکان کە لە نەخشـــەی کادســـترۆ **دیار** کراون وســـنووری قەدەغەکراوەکان (محرمات) دەکرێت بە جیا پشکنین و ڕووپێوی بۆیان بکرێت بۆ هەر پێگەیەک، ولایەنی شـــوێنەواری بۆی هەیە ڕەزامەندی بدات بە نوســـراوی فەرمی وهاوپێچی نەخشـــەی پەسندکراو وڕاستێندراو بۆ ناوچەکە بە گوێرەی ئەنجامی پشکنین و ڕووپێویەکە.

**ماددەی (١٠):**

**هەماهەنگی نێوان شوێنەوار ولایەنە پەیوەندیدارەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت**

**یەکەم : دەستەی گشتی گەشتو گوزار :**

أ- دەستەی گشتی گەشتوگوزار بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر ڕووپێویەکی سەرتاسەری لە هەرێم ئەنجام دەدەن، سەرجەم ئەو شوێنە شوێنەواری و کەلەپووریانە دەست نیشان دەکەن کە ڕەگەزی گەشتیارییان هەیەو شیاون بۆ بە گەشتیاری کردن.

ب- دەســتەی گشــتی گەشــتوگوزار بە نووسـراوێکی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی گشــتی ئاگاداردەکاتەوە، لەو پێگە شـــوێنەواری وکەلەپوریانەی کە دەیەوێت بەگەشـــتیاریان بکات، دوای دیارکردنی مەرجەکان لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی.

ج-پێویستە پێگە شوێنەوارییەکە بپارێزرێت و نۆژەن بکرێتەوە و سیمای نەشێوێنرێت .

د- ڕێژەی ( ٢٥% ) داهاتی شـــوێنە شـــوێنەواری و کەلەپووریەکە تەرخان دەکرێت بۆ نۆژەنکردنەوەو پاراستنی پێگەکە.

ه- دەکرێت پێگەی شوێنەواری و کەلەپووری کە بۆ گەشتیاری شیاون، بەو مەرجانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیاریان دەکات، لە ڕێگەی گرێبەستەوە بدرێتە کەرتی تایبەت بە ڕەزامەندی وەزیر بە پێ ی جومگەکانی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان

و- بەڕێوەبەرایەتی گشــتی بۆی هەیە ســود لە محرەماتی ناوچە شــوێنەوارییەکانی وەربگرێت، وەك ســەرچاوەیەکی داهات بە مەرجی پاراســتن و نەشــێواندنی ڕەســەنایەتی، دوای ئەنجامدانی کاری زانستی شوێنەواری.

**دووەم : وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی:**

أ. وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕووپێوێکی سەرتاسەری بۆ سەرجەم ناوچە پیرۆزەکان و مەزارگەکان ئەنجام دەدەن.

ب. هەموو ئەو موڵك و وەقف و بینا بازرگانیەکانی ئەوقاف کە خەسڵەتی شوێنەواریان هەیە لە ژێر چاودێری بەرێوەبەرایەتی گشتی دا دەبن بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی.

ج. ڕێژەی( %٢٥ ) لە داهاتی شوێنە کەلەپوری وئایینیەکان ساڵانە لە لایەن وەزارەتی ئەوقاف تەرخان دەکرێت بۆ شوێنەوارو کەلەپوور بەمشێوەیە:

**١.** (١٠٪) بۆ چاودێری و سەرپەرشتی زانستی.

**٢.** (١٥٪) بۆ پاراستن و نۆژەنکردنەوەی پێگە کەلەپوری وئاینیەکە.

د. هیچ شوێنێکی ئاینی کەلەپووری یان شوێنەواری بەبێ ڕەزامەندی و ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاری نۆژەنکردنەوەی یان دووبارە بنیاتنانەوەی تێدا ناکرێت.

**سێیەم : وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو :**

أ- هەموو ئەو زەوییانەی کە لە لایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوەوە تەرخانکراوە بە شێوەی گرێبەستی کاتی یان درێژخایەن بۆ هاوڵاتیان یان هەر لایەنێکی تر گرێبەستەکە ناوچە شوێنەوارییەکان ناگرێتەوە.

ب- خاوەن گرێبەستی کشتوکاڵی ناتوانێت داوای قەرەبوو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەڵکو دەتوانێت لەلایەنی پەیوەندیدار داوا بکات.

ج-ئەگەر زەوییەك شوێنەواری بێت ڕێگر بێت بۆ سوود لێوەرگرتن لە لایەن خاوەنەکەی بۆ مەبەستی کشتوکاڵ یان هەر مەبەستێکی تر ئەوا وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پابەندە بە قەرەبوو کردنەوەی خاوەن ماف بە لە چوارچیوەی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان.

د- هیچ پێگەیەکی شوێنەواری بۆ مەبەستی بەکارهێنانی کشتوکاڵی و ئاودێری و جۆگەی قوڵ نابێت.

ە- لەکاتی دیزاینی هەر پڕۆژەیەک لەلایەن هەر لایەنێکی حکومەت دەبێت پێشوەختە ڕەزامەندی بەرێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری پەیوەندیدار وەربگیرێت وبودجەیەکی یەدەگ لەسەر پڕۆژەکە بۆ شوێنەوار تەرخان بکرێت.

**چوارەم : شارەوانییەکان:**

أ- ناکرێت ناوچە کەلەپووری و شوێنەوارییەکان و محرماتەکانیان لەلایەن شارەوانیەکان بە ناوچەی سەوزایی دابنرێت، ئەگەر بە سەوزایی دانراون دەبێت بگۆڕدرێت.

ب- وەزارەتی شارەوانی ساڵانە لە داهاتی شارەوانیەکان ڕێژەی ٢% داهاتی گەڕاوە، تەرخان دەکات بۆ شوێنەوار.

ج- لەکاتی جیاکردنەوە (افراز)ی زەوی لەلایەن وەزارەتی شـــارەوانی وگەشـــتوگوزار وکشـــتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ هەر پرۆژەیەك دەبێت لایەنی شوێنەواری ئاگادار بکرێتەوە.

د- ئەگەر زەوی جیاکراو لە (١٠ دۆنم) زیاتر بێت، پێویستە ڕووپێوی وچاڵی تاقیکاری بکرێت وخەرجی پێویست بۆ ڕووپێوی وچاڵی تاقیکارییەکە دەکەوێتە ئەستۆی خاوەن پرۆژەکە.

**پێنجەم : وەزارەتی ناوخۆ:**

أ. وەزارەتی ناوەخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت هێزێکی تایبەت لە پۆلیس دەســتنیشـان دەکات بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکانی شوێنەوار و کەلەپوور لە شارو شارۆچکەکاندا بە شـێوەیەك ناونیشـــانیان دیار بێت کە بەڕێوەبەرایەتیەکانی شـــارەکان بتوانن لەکاتی پێویســـت پەیوەندییان پێوە بکەن.

ب. هەر پارچەیەکی شـــوێنەواری لەلایەن ئەنجومەنی ئاســـایش ودامەزراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ دەستیان بەسـەردا گیراوە یان بە هەر شـێوەیەک کەوتۆتە دەسـتیان، دەبێت بگەڕێندرێتەوە بۆ مۆزەخانەی شارەکان بە پێی پەیوەندییان.

ج. وەزارەتی ناوخۆ دەزگاکانی (ئاســـایش وپۆلیس) وخاڵە ســـنوورییەکان وفرۆکەخانەکان ئاگادار دەکاتەوە بۆ هاوکاری وهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی .

د. پۆلیس وئاســایشــی خاڵە ســنوورییەکان لەکاتی هاتنە ژوورەوەی تیمە بیانیەکان وهێنانی ئامێر وتەکنەلۆجیای پێویسـت (درۆن، تۆتەل سـتەیشـن، جیۆفیزیك، GIS ،GPS) یان هەر ئامێرێکی تر کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پشتگیری کرابێت بە زانیاری تەواو ورێگەی هاتنە ژوورەوەی دەدات

ه. بەدەرکردنی (هەڵاوێر) تیمە شـــوێنەواریە بیانیەکان لە ڕســـوماتی هاتنە ژوورەوە کە بۆ کاری شـوێنەواری دێنە هەرێمی کوردسـتان ومۆڵەت دراون لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشـتی بەهەموو پێداویستیەکان وئامێری تەکنەلۆجی کە بۆ کاری زانستی شوێنەواری پێویستن.

**شەشەم : وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

أ- وەزارەتـی پەروەردە بـابەتـی شـــوێـنەوار وکەلەپـوور لە پـرۆگـرامـی خـوێـنـدنـی (بـاخـچەی سـاوایان،بنەڕەتی، ئامادەیی) دادەنێت بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشـتی شـوێنەوارو کەلەپوور بۆ دیاریکردنی بابەتەکان.

ب- سەردانی مۆزەخانەکان وشوێنە کەلەپووری وشوێنەواریەکان بە شێوەی مەیدانی بەشێک بێت لە پرۆگرامی خوێندن.

ج- وەزارەتی پەروەردە ڕێگا بدات بەڕێوەبەراییەتیەکانی شـــوێنەوار ســـاڵانە ســـمیناری تایبەت بە شوێنەوار وکەلەپوور لە قوتابخانە وخوێندگاکان پێشکەش بکەن.

د- لە قوتابخانەکان هوڵێک بۆ مۆزەخانەی تایبەت بە کەلەپووری شـوێنەوار دیاربکرێت بە پێ ی توانا بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەڕایەتی شوێنەواری شارەکە.

ه- کاربکرێت بۆ ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسانکاری بکات بەمەبەستی تەرخانکردنی کورسی خوێندن وسکولەر شیپ بۆ فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە بوارە پەیوەندارەکان بەکار وئەرکەکانی.

**حەوتەم : وەزارەتی دارایی و ئابووری :**

أ- وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێنمایی دارایی تایبەت دەردەکات بۆ چۆنیەتی خەرج و داهاتی شوێنەوارو کەلەپوور بە ئاگاداری وەزارەت.

ب- وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەو بودجەیەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران بۆ کاری نۆژەنکردنەوە وپاراستن وپاداشت تەرخانکراوە ڕاستەوخۆ بەشێوەی نەختینە دەخاتە سەر ئەژمێری بانکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی .

ج- وەزارەتی دارایی (٥٠%) ی داهاتی شوێنەوار دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر ئەژمێری بانکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەی داهاتەکە هەر چیەک بێت.

**هەشتەم : وەزارەتی پێشمەرگە**

أ- دەبێت وەزارەتی پێشمەرگە پێش ئەوەی ڕەبایە وبارەگا لەهەر شوێنێك لێبدات وەزارەت وبەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاگاداربکاتەوە، تاکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە بوونی پێگەی شوێنەواری یان کلتووری ئاگاداریان بکاتەوە.

ب- نابێت هێزەکانی پێشمەرگە ڕەبایە لەسەر گردی شوێنەواری لێبدەن.

ج- لەکاتی لێدان وچاڵ ودروستکردنی پەناگەی بەخۆڵ پێویستە ئاگاداری دەرکەوتنی شوێنەوار بن وچاودێریکی شوێنەواری یاوەریان بکات.

د- هێزەکانی پێشمەرگە دەبێت ئەو ناوچە شوێنەواری وکەلەپووریانە بپارێزن، کە لە سنووری مانەوەیان نزیکە و بارەگاکانیان تیادا جێگیرکراوە.

ه- وەزارەتی پێشمەرگە بابەتی شوێنەوارو کەلەپوور بخاتە بەرنامەی کاری سیاسی وەزارەتەکەی لەکاتی ڕاهێنان و خولەکان **وەك** بەشێك بێت لە بەرنامەی ڕۆشنبیری و سیاسی هێزی پێشمەرگە.

و- وەزارەتی پێشمەرگە لە هەر لیوایەك یان بەگوێرەی تەشکیلەی خۆی گروپی تایبەت لە هێزی پێشمەرگە دیاری بکات و ڕاهێنانیان پێبکرێت بۆ پاراستنی شوێنەوار وکەلەپوور بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت وبەڕێوەبەرایەتی گشتی .

**نۆیەم : وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان:**

أ- نابێت وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان ڕەزامەندی و ژمارەی سپاردن بە هیچ بڵاوکراوەو چاپەمەنیەک بدات، کە پەیوەندی بە شوێنەوارو کەلەپوورەوە هەبێت، بەبێ ڕەزامەندی پێشوەختەی وەزارەت وبەڕێوەبەرایەتی گشتی .

ب- وەزارەتی ڕۆشـــنبیری ولاوان بە هـاوبەشـــی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشــتی دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر ڕووپێویکی سـەرتاسـەری بۆ کەلتووری نابەرجسـتە (معنوي) ئەنجام دەدەن و تۆماری دەکەن.

**دەیەم : دەستەی وەبەرهێنان :**

لەکاتی تەرخانکردنی زەوی لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان بۆ هەر وەبەرهێنەرێک دەبێت ڕەزامەندی پێشوەختەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەربگیرێت.

**یازدەیەم : وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان :**

لە هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان لەلایەن وەزارەتی شـــەهیدان و ئەنفالکراوان، دەبێت نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری پەیوەندار ئەندام بێت لە تیمەکەدا.

**دوازدەم : دەستەی ژینگە : پاراستن و چاککردنی ژینگە:**

بەڕێوەبەرایەتی گشـتی لەگەڵ دەسـتەی پاراسـتن و چاککردنی ژینگە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر ڕووپێویەکی ســـەرتاســـەری ئەنجام دەدەن بۆ دەســـتنیشـــان کردنی ناوچە پارێزراوەکان وکەلەپورییەکان ( المواقع المحمية و التراثية).

**سێزدەم : دەزگای گشتی کاروباری مین:**

لەکـاتی ڕووپێوکردن و هەڵگرتنەوەی مین لە نـاوچە شـــوێنەواری و کەلەپەرییەکـانی مین ڕێژکراوەکان دەبێت نوێنەری شوێنەوار ئەندام بێت لە تیمەکەدا.

**چواردەم : فەرمانگەی ڕێکخراوە نا حکومیەکان:**

فەرمـانگەی ڕێکخراوە نـاحکومیەکـان نـابێـت مۆڵەتی ڕێکخراوەیی بـدەن بە هیچ ڕێکخراوێکی نـاحـکومـی تـایـبەت بە شـــوێـنەوارو کەلەپـوور بەبـێ ڕەزامەنـدی پـێشـــوەخـتەی وەزارەت وبەڕێوەبەرایەتی گشتی لەسەر بەرنامەی کاری ڕێکخراوەیی.

**ماددەی (١١) :**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

**ساسان عەونی**

**وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار**

**وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ٣٦٣٧ لە ٢٠٢٣/٦/٥**

بەپێی ئەم دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە پاڵپشت بە یاسای ڕێکخستنی سەربڕینی ئاژەڵ ژمارە (٢٢) ی ساڵی ١٩٧٢ی هەموارکراو، وە بڕگەی (١١) لە ماددەی دووەم لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٠ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە.

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٢٣**
**مۆڵەتدان بە دامەزراندنی پڕۆژەی سەربڕخانەی ئاژەڵی**
**و مەرجەکانی ئامادەکردن وبەرهەم هێنانی گۆشتی تەندروست**

**ماددەی (١):**

**هەرێم** : هەرێمی کوردستان - عێراق.

**وەزارەت**: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

**وەزیر** : وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی**: بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری.

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ**: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارێزگاکان و ئیدارەسەربەخۆکان.

**بەشی تەندروستی ئاژەڵ**: بەشی تەندروستی ئاژەڵ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری.

**بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری**: بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

**ئاژەڵ**: ئەوگیانلەبەرانەی کە لە سەربڕخانە سەردەبڕدرێت بەمەبەستی دابین کردنی گۆشتی خواردن بۆ مرۆڤ کە شەریعەتی ئیسلام ڕێگەی پێداوە، بەڵام گیانلەبەرە ئاوییەکان و باڵندەکان ناگرێتەوە

**پڕۆژەی سەربڕخانە**: پرۆژەیەکە کە شوێنێکی فەرمیە بۆ سەربڕینی ئاژەڵ و ئامادەکردنی گۆشت بەشێوەیەکی تەندروست.

**گۆشت**: بریتیە لە گۆشتی ئاژەڵەکە لەگەڵ ئۆرگانەکانی ئاژەڵ کە شیاوە بۆ خواردنی مرۆڤ.

**پاشماوەی ئاژەڵ**: گۆشت یان ئەو بەش و ئەندامانەی ئاژەڵ دەگرێتەوە کە شیاو نین بۆ خواردنی مرۆڤ.

**یاسای ڕێکخستنی سەربڕینی ئاژەڵ**: یاسای ڕێکخستنی سەربڕینی ئاژەڵ ژمارە (٢٢)ی ساڵی ١٩٧٢هەموارکراو.

**ماددەی (٢): مەرج و ڕێکارەکانی دامەزراندنی سەربڕخانە**

**یەکەم : مەرجەکانی سەرەتایی دروستکردنی سەربڕخانە:**

١- داواکار تەمەنی لە(١٨) ساڵ کەمتر نەبێت و ناکام نەبێت.

٢- فەرمانبەر نەبێت (جگە لە خاوەن زەوی موڵك).

٣- بەڵێن دان بەجێبەجێ کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە :

أ- بەکارهێنانی زەویەکە تەنها بۆ مەبەستی دروستکردنی پرۆژەکە بێت.

ب- پرۆژەکە لەوادەی یاسایی خۆی جێبەجێی بکات. لەدوای یەك مانگ لەوەرگرتنی ڕەزامەندی سەرەتایی دەستبەکار بێت و خاوەن پرۆژە دەبێت دەست بەدروست کردنی سەربڕخانە بکات وە لەماوەی دوو ساڵ سەربڕخانە تەواو بکات بەپێچەوانەوە مۆڵەتەکە هەڵدەوەشێتەوە جگە لە هەندێك حالەتی دیاری کراو کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی خاوەن سەربڕخانە بێت (بەبەڵگەوە) مۆڵەتی سەرەتاییەکەی بۆ ماوەی شەش مانگ درێژدەکرێتەوە بە ڕەزامەندی وەزیر.

ج-ئەنجام نەدانی گۆرانکاری و نەفرۆشتنی پرۆژەکە بەبێ ئاگاداری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

د- پابەندبوون وجێبەجێ کردن و پەیڕەوکردنی گشت خاڵەکانی ئەم ڕێنماییە.

٤- هێنانی بەڵگەنامە پێویستەکان:

- پڕۆپۆزەڵی دامەزراندنی سەربڕخانە.
- کەڵکی ئابووری سەربڕخانە.
- ئایزۆی ئەو کۆمپانیایەی کە ئامێرەکان دابین دەکات یان سەربڕخانەکە دروست دەکات.
- سایت پلان و دیاریکردنی پرۆژەکە و وێنەی ئەندازەیی سەربڕخانە.
- وێنە و جۆری ئەو ئامێرانەی کە بەکاری دەهێنێت.

**دووەم: مەرج و ڕێکارەکانی پێدانی ڕەزامەندی سەرەتایی بۆ دروست کردنی سەربڕخانە ( قۆناغی یەکەم):**

١- پێشکەش کردنی داواکاری و بەڵگەنامەکان لەلایەن هاوڵاتی بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری و وەرگرتنی ڕەزامەندی یەکەی کارگێری ناوچەکە .

٢- بەمەبەستی گونجاوی شوێنی پرۆژەکە، وە دیاریکردنی دووریەکان، پشکنینی سەرەتایی ئەنجام دەدرێت لەلایەن لیژنەیەك کەپێك هاتبێت لە(بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری/ سەرۆك لیژنە) و ئەندامیەتی: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ (زەوی و زار و سامانی ئاژەڵ)، نوێنەری بنکەی ڤێتێرنەری، نوێنەری شارەوانی، نوێنەری ژینگەی ناوچەکە، وە نوێنەری دارستان و پاوان بۆ ئەو شوێنانەی دەکەونە ناو سنوری دارستان و پاوان.

٣- مامەڵەکە (دۆکۆمێنت و پرۆپۆزەڵ و بەڵگەنامەکان) لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری وردبینی بۆ دەکرێت و ئەگەر بەپێی ڕێنماییەکان بوو، نووسراوێك ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی

کشـــتوکاڵ دەکرێت تایبەت بە تەرخانکردنی زەویەکە لەگەڵ وەرگرتنی ڕەزامەندی فەرمانگە پەیوەندارەکان (شارەوانی، ژینگە، تەندروستی، ڕێگاوبان، سەرچاوەکانی ئاو، کارەبا).

٤- دوایی ڕەزامەندی گشت لایەنە پەیوەندارەکان و هەبوونی مەرجی دوورییەکان و نەبوونی کێشە لە زەویەکە، مامەڵەکە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری بەرزدەکرێتەوە بۆبەڕێوەبەرایەتی گشـتی/ بەشـی تەندروسـتی ئاژەڵ بەمەبەسـتی پێدانی مۆڵەتی سـەرەتایی دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر.

٥- پڕۆژەکە پێویستە سەرچاوەی ئاوی پاکی هەبێت بەم شێوەی خوارەوە:

أ- سـەرچاوەی ئاوی پڕۆژە (بیری ئیرتوازی) بوو پێویسـتە مۆڵەتدار بێـــت وێنەیەك لەمۆڵەتی بیرەکە هاوپێچ بکرێت.

ب- سـەرچاوەی ئاوی پڕۆژە (بیری هاوسـنوور) بوو پێویسـتە مۆڵەتدار بێـــت، وە لاری نەبوونی خاوەن بیرەکە وەربگیرێت.

ت- سـەرچاوەی ئاوی پڕۆژە (ڕووبار) بوو پێویسـتە سـیسـتەمی پاڵاوتن (فلتر) بەکاربهێندرێت لەشوێنی پڕۆژە.

ث- سەرچاوەی ئاوی پڕۆژە (کانی– کارێز) بوو لاری نەبوونی ئەنجومەنی گوندو ناحیە وەربگیرێت لەسەر بەکارهێنانی ئاوی کانییەکەو ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری وەربگیرێت.

**سێیەم: مەرج و ڕێکارەکانی پێدانی ڕەزامەندی دروست کردنی سەربڕخانە ( قۆناغی دووەم) :**

١- هەبوونی ڕەزامەندی سەرەتایی وەك لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە باسکراوە.

٢- دوای تەواوکردنی بینایەی سەربڕخانە پشکنینی بۆ ئەنجام دەدرێت لە لایەن هەمان لیژنەی بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە بەمەبەسـتی بەدواداچوون وجەخت کردنەوە لە دووریەکان ومەرجە هونەریەکان و تایبەت بە بینای پڕۆژەکە، وە پێدانی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری لەسەر کۆنوسی لیژنەکە بۆ بەردەوام بوون لەسەرکارکردنی پڕۆژەکە. دوای ئەوە خاوەن سەربڕخانە مۆڵەتی ڕێگەپێدانی هاوردەکردنی ئامێرەکان و پێداویسـتیەکانی تایبەت بە سـەربڕخانەی پێدەدرێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

**چوارەم: مەرج و ڕێکارەکانی پێدانی ڕەزامەندی کۆتایی (پێدانی مۆڵەت) بۆ دروسـت کردنی سەربڕخانە ( قۆناغی کۆتایی):**

١- هەبوونی ڕەزامەندی سەرەتایی و قۆناغی دووەمی پڕۆژەکە وەك پێشتر باسکراوە.

٢- دوای تەواو بوونی پڕۆژەکە، پشـکنینی کۆتایی بۆ ئەنجام دەدرێت لەلایەن لیژنەیەکی هونەری پسـپۆر لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری، وە پێویسـتە فۆرمی پشـکنینی سـەربڕخانە پڕبکرێتەوە کە پاشکۆی ژمارە (١) ی ئەم ڕێنماییەیە.

٣- بەرزکردنەوەی نووسراو و بەڵگەنامەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی/ بەشی تەندروستی ئاژەڵ بە مەبەستی پێدانی مۆڵەتی کەوتنەکاری سەربڕخانە.

٤- مۆڵەتی تەندروستی ڤێتێرنەری و کارکردنی سەربڕخانە ساڵانە تازە دەکرێتەوە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری دوای ئەنجامدانی پشکنین و جەخت کردنەوەو هەبوونی گشت مەرجە هونەری و تەندروستیەکان.

**ماددەی (٣):**

١. تەنها بەڕێوەبەرایەتی گشتی مۆڵەت و ڕەزامەندی دەدات بە دامەزراندن یان دروست کردن یان کردنەوەی سەربڕخانە.

٢. پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندارەکانی تری حکومەت مۆڵەت، لارینەبوون، پشتگیری نەدەن بە دامەزراندنی پڕۆژەی سەربڕخانە تاکو بەنووسراوی فەرمی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری داوایان لێ دەکرێت.

**ماددەی (٤): دووریيەکان (کەمترین دووری)**

١- دووری پڕۆژەکە لە سنووری شارەوانی پارێزگا (١٠کم)دە کیلۆمەتر و ئیدارە سەربەخۆکان (٥کم) پێنچ کیلومەتر.

٢- دووری لە سنووری شارەوانی قەزا (٣کم) سێ کیلۆمەتر و ناحیە (٢کم) دوو کیلۆمەتر.

٣- دووری لە کۆمەڵگای نیشتەجێ بوون کە لە (٢٠) خانوو کەمتر نەبێت و دووری لە گوند (١٥٠٠م) هەزارو پێنچ سەد مەتر.

٤- دووری لە ڕێگای سەرەکی (٥٠٠ م) پێنچ سەد مەتر.

٥- دووری لە ڕێگای لاوەکی و گوند (١٥٠م) سەدو پەنجا مەتر.

٦- دووری لە پڕۆژەی پەلەوەری نەژاد (گۆشت و هێلکە) (١٠کم) دە کیلۆمەتر.

٧- دووری لە پڕۆژەی پەلەوەری (دایکانەی گۆشت و هێلکە، مریشکی هێلکەی خواردن و تەواوکاری) (٣کم) سێ کیلۆمەتر.

٨- دووری لە سەربڕخانەی پەلەوەر (٢کم) دوو کیلۆمەتر.

٩- دووری لە پڕۆژەی هاوشێوە(٣کم) سێ کیلۆمەتر.

١٠-دووری لە پڕۆژەکانی پەلەوەری گۆشت و قەل و وشتر مەل و کارگەی ئالیك و هەڵهێنەری پەلەوەر (٢کم) دوو کیلۆمەتر.

١١-دووری لە پڕۆژەکانی بەخێوکردن و قەڵەوکردنی ئاژەڵە کاوێژکارەکان( ١کم) یەک کیلۆمەتر.

١٢- دووری لە پڕۆژەکانی ماسی(٥٠٠م) پێنج سەد مەتر.

١٣- دووری لە مەیدانی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵ و پەلەوەر (٣کم) سێ کیلۆمەتر.

١٤- دووری لە سەرچاوەی ئاوی رووبار و دەریاچەو بەنداو و ڕێرەوەکانی ئاو (١کم) یەک کیلۆمەتر، بەمەبەستی ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی زیندەوەری زیان بەخش و گواستنەوەی نەخۆشی و پیس بوونی ئاو بە پاشەڕۆی سەربڕخانە و نەبوونی کاریگەری بە بۆنی پیس و گازی ژەهراوی لە سەر تەندروستی گشتی.
١٥- دووری لەو کارگانەی کە بۆنی ناخۆش و گازی ژەهراوی دەردەدەن، پاڵاوگە، بیری نەوت وگازی سروشتی (٣کم) سێ کیلۆمەتر.
١٦- دووری لە شوێنی گەشت وگوزار و شوێنەوار (مەزارگەو شوێنە پیرۆزەکان)، فرۆکەخانە و مۆڵگەی سەربازی(٣کم) سێ کیلۆمەتر.
١٧- دووری لە هێلی پاڵەپەستۆی کارەبای بەرز (١٠٠م)سەد مەتر.
١٨- دووری لە گۆڕستان (٥٠٠م) پێنچ سەد مەتر.
١٩- پێویستە ئەم دووریانە بە ڕەچاوکردنی ئاراستەی باوە جێبەجێ کردنی سیستەمی (Biosecurity) لە پڕۆژەکە بێت.

**ماددەی (٥): مەرجە گشتیەکان:**

١- پێویستە کۆمپانیایەکی تایبەت هەڵسێت بە دروست کردنی سەربڕخانە و ئەنجامدانی کارەکانی بەپێی ستانداردی جیهانی بێت.
٢- پێویستە خاوەنی سەربڕخانە ستافێکی پرۆفیشناڵ دابین بکات بۆ کارپێکردنی سەربڕخانە.
٣- خاوەنی سەربڕخانە بەرپرس ئەبێت بەپێی یاسا بەرامبەر بە کەموکوریەکانی سەربڕخانە لەکاتی جێبەجێ کردن وبەگەرخستنی پڕۆژەکە وە ئەبێت بەڵێن بدات بەزووترین کات چارەسەری هەر کێشەیەك بکات کە سەرهەڵبدات.
٤- خاوەنی سەربڕخانە پێویستە هاوکار بێت لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری بۆ سەرکەوتنی کارەکەو جێبەجێ کردنی ڕێنماییە ڤێتێرنەری و تەندروستیەکان.
٥- پێویستە خاوەن سەربڕخانە بە بەردەوامی فەرمانبەری پەیوەنداری (Contact Person) هەبێت لەگەڵ لایەنی حکومی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان .
٦- پێویستە سەرپەرشتی کردنی کارە ڤێتێرنەریەکان لەلایەن کارمەندانی حکومیەوە بێت. سەربڕخانە لە ژێر چاودێری بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری بێت و پێویستە پزیشکی ڤێتێرنەری تایبەت و فەرمی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری هەبێت بە گوێرەی وزەی پڕۆژەکە.
٧- ئەنجامدانی پشکنینی پێش سەربڕین لەلایەن پزیشکی ڤێتێرنەری بۆ ئاژەڵەکان بەمەبەستی دڵنیابوون لە نەبوونی ئاژەڵی نەخۆش و لاواز و نەشیاو بۆ سەربڕین.
٨- ئەنجامدانی پشکنینی دوای سەربرین بۆ لاشەی ئاژەلەکان لەلایەن پزیشکی ڤێتێرنەری بەمەبەستی دڵنیابوون لە سەلامەتی گۆشتەکە و ئەندامەکانی شیاو بۆ بەکارهێنان بەشێوەیەکی تەندروست لەلایەن هاووڵاتی.

٩- پزیشکی ڤێتێرنەری حکومی هەڵدەستێ بە لێدانی مۆری فەرمی بۆ لاشە شیاوەکان بەمەبەستی بەکارهێنان وە سەرپەرشتی کردنی لەناوبردنی پاشماوەی ئاژەڵ، وە ناردنیان بۆ سوتێنەر.

١٠-پابەندبوونی خاوەن سەربڕخانە بە ڕێنماییەکان و بڕیارەکانی پزیشکی ڤێتێرنەری.

١١-نابێت ئاژەڵی نەخۆش یان هەر ئاژەڵێك کە چارەسەر کرابێت بەدەرمان یان بە مەوادی کیمیایی تر کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە تەندروستی گشتی سەرببڕدرێت.

١٢-ئاژەڵی ناوەخۆ یان هاوردە سەرببڕێت بەمەرجێك ئاژەڵەکان بەفەرمی هاوردەکرابن. لە کاتی سەربڕینی ژمارەیەکی زۆری ئاژەڵی هاوردە یان ئاژەڵی پرۆژەکانی بەخێوکردن و قەڵەوکردن دەبێت بەڵگەنامەی فەرمی هاوردەکردن و کەرەنتین کردن پێشکەش بە سەربڕخانە بکات بەمەبەستی دڵنیایی لە سەرچاوەی ئاژەڵەکان و نەبوونی نەخۆشی لەکاتی هاوردەکردن.

١٣- پێویستە ئاژەڵەکان بەپێی شەریعەتی ئیسلامی سەرببڕێن.

١٤- پەیوەست بوون بەکات و ڕۆژەکانی سەربڕین کە دانراوە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری.

١٥-پەیرەو کردنی گشت ڕێنماییەکانی بەرکار تایبەت بە کۆگاکردنی گۆشت.

١٦- وەبەرهێن یان خاوەنی سەربڕخانە بەڵێننامە بدات لەکاتی تەواوبوونی پرۆژەکە ئامادەکاری تەواوی هەبێت بۆ ئەوەی سەربڕخانەکەی کراوە بێت لە بۆنەو ئاهەنگەکان و جەژنەکان بەتایبەت ڕۆژانی جەژنی قوربان.

١٧- ئەم مەرجانەی سەرەوە لە بەڵێننامەیەك لە نێوان خاوەن سەربڕخانە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری ئاماژەیان پێ بکرێت.

**ماددەی (٦): مەرجە تەندروستیەکان:**

١- هەبوونی سەرچاوەی ئاوی پاکی فلتەر کراو لە سەربڕخانە: دەبێ سەرچاوەی ئاوی سەربڕخانە شیاو بێت بۆ خواردنەوە لەرووی مایکرۆبیەوە، وە ڕێژەی کانزاکانی ئاوەکە بەپێی ستاندارد بێت.

٢- دابین کردنی ئاوی گەرم ( لە پلەی ٨٢ پلەی سەدی کەمتر نەبێت) لەگەڵ ئاوی سارد بە شێوەیەکی بەردەوام لە هۆڵی سەربڕین و شوێنەکانی تر لە سەربڕخانە. بڕی تەواوی ئاوی پاك دابین بکرێت بۆ پرۆسەی سەربڕین و هەموو کارەکانی ناو سەربڕخانە. پێویستە کۆگایەکی گەورەی ئاو کۆکردنەوە هەبێت، لانی کەم کۆگا کردنی بڕی (٢٠٠ لتر) دوو سەد لیتر بۆ یەك سەر ڕەشەولاخ، وە بڕی (٥٠ لتر) پەنجا لیتر بۆ یەك سەر مەڕ ئاو دابین بکرێت بێجگە لە پێویستیەکانی کارەکانی ناو سەربڕخانە.

٣- ئامێری (Stilizer) بۆ تعقیم کردنی چەقۆ وکەرەستەکانی بڕین و پارچەکردن بەکاربهێنرێت کە توانای دابین کردنی پلەی (٨٢ ˚C) هەشتاو دوو پلەی سیلیزی هەبێت بەژمارەیەکی گونجاو لە هەموو پرۆژەکە .

٤- پێویستە کەل و پەلی بەکارهاتوو لە سەربڕخانە نوێ بن و لە ماددەی دژە ژەنگ دروستکرابن، وە پێویستە ئامرازەکانی سەربڕین و پاککردن و هەڵواسینی لاشە لە ماددەی دژە ژەنگ دروستکرابن. نابێت ئاژەڵ لەسەر زەوی پاك بکرێت و پارچە پارچە بکرێت.

٥- دابین کردنی ئامێری کارەبایی تیژکردنەوەی چەقۆ وە پاککردنەوەی چەقۆ پاش تیژکردنەوەیان.

٦- پابەند بوون بە پێویستی شوشتن و خاوێنکردنەوەی ئامێر و کەل و پەلی سەربڕخانە.

٧- دەست شۆری تایبەت بە ژمارەیەکی گونجاو لە ناو سەربڕخانە هەبێت، بە قاچ یان بە لەیزەر کاربکات و ئاوی ساردو گەرم و پاککەرەوە بەبەردەوامی هەبێت.

٨- پێویستە سەربڕخانە ڕۆژانە بەدلەو صدریەی پاك دابین بکات بۆ ستافی سەربڕخانە و پزیشکانی ڤێتێرنەری. ژووری لەبەرکردنی بەدلەو جزمە (پووت) لەهەمان بینایەی سەربڕخانە بێت. پێویستە جزمەکانیش لە هەمان شوێن بە ئامێری پاککەرەوەی ئۆتۆماتیك خاوێن بکرێنەوە.

٩- پێویستە ڕۆژانە سەربڕخانە پاك بکرێتەوە، وە تعقیم بکرێت لەلایەن ستافی تایبەت دوای کۆتایی هاتنی کارەکانی سەربڕخانە.

١٠- دانانی پڕۆگرامی تایبەت بۆ پاکژکردنەوەی ڕۆژانەی سەربڕخانە بەپاککەرەوەی تایبەت کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری ڕەزامەندی پێدەدرێت.

١١- ڕێکخستنی بەرنامەیەك بۆ لەناوبردنی مێروو و قرتێنەرەکان لە سەربڕخانە بە بەکارهێنانی ئامێری کارەبای و دەرمانی قرکەرەکان کە ژەهراوی نین.

١٢- چارەسەرکردن و لەناوبردنی پاشماوەی ئاژەڵ بەشێوەیەکی زانستی و لە ڕێگەی سووتێنەر، وە بەپێی ڕێنماییەکانی ژینگە بێت.

١٣- قەدەغە کردنی خواردن و جگەرە کێشان لە هۆڵی سەربڕین.

١٤- پەیرەوکردنی هەر مەرج و ڕێنمایەکی تر کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەردەچێت.

**ماددەی (٧): بینایە و دیزاینی سەربڕخانە:**

١- ڕێگای سەربڕخانە پێویستە قیرتاو بێت پێش بەگەر خستن و ئیش پێ کردنی سەربڕخانە بەمەبەستی کەم بوونەوەی تەپ و تۆز و پیسیبوونی ئاژەڵ و گۆشت.

٢- پەرژین کردنی چواردەوری سەربڕخانەبە شێوەیەکی گشتی بۆ ڕێگاگرتن لە چوونە ژوورەوەی ئاژەلی بەرەڵا و پاراستنی پڕۆژەکە . پێویستە پەرژینەکە بەرزیەکەی لە ٢ م کەمتر نەبێت.وە لەگەڵ ئەوەشدا، , پەرژین کردنی سەربڕخانەبە داری هەمیشە سەوز، وە لەبەرچاو گرتنی ڕێژەی سەوزایی لە پڕۆژەکە بەپێی ڕێنماییەکانی ژینگە.

٣- ڕووبەری تەرخان کراو بۆ دروست کردنی پڕۆژەکە بەپێی توانای پڕۆژەکە و سایت پلانی پڕۆژەکە بێت بە مەرجێك لە (٥ دۆنم) پێنج دۆنم کەمتر نەبێت.

٤- توانای سەربڕخانە بەڕەچاوکردنی پێداویستیەکانی ناوچەکە و فراوان بوونی داهاتووی ناوچەکە و کۆگا کردنی گۆشت دەبێت.

٥- قیرتاو یان کۆنکریت کردنی ڕێرەوی نێوان پەرژین و بینایەی سەربڕخانە. بوونی ڕێرەوێك لە شوێنی حەوانەوەی ئاژەڵ بۆ ناو هۆڵی سەربڕین.

٦- **زەوی و دیواری سەربڕخانە:**

- پێویستە زەوی ناو سەربڕخانە لە ماددەیەك دروست کرابێت و داپۆشرێت کە بەرگری بەرزی هەبێت بەرامبەر تێکچوون و ترشەکان و توانای هەڵمژینی شلەو ئاوی نەبێت و خلیسك نەبێت و بەئاسانی پاك بکرێتەوە وەك (کاشی، Epoxy، کۆنکریت یان گرانێتی زبر.
- هۆڵی سەربڕین پێویستە سلۆپی هەبێت بە ڕێژەی (١:٥٠) پەنجا بۆ یەک هەروەها لە هەر (٤٠م٢) چل مەتر دووجا مەنهۆلی مشبك (Grill) هەبێت و سلۆپییەکەی گونجاو بێت بۆ کۆبوونەوەی ئاو و پاشماوەکان.
- دیواری بەشەکانی ناوەوەی سەربڕخانە پێویستە لە ماددەیەکی زیان بەخش یان ژەهراوی دروست نەکرێت و ئەبێت شلە و ئاو هەڵنەمژێت و خلیسك بێت بە مەبەستی پاککردنەوەی بە ئاسانی. دیوارەکانی ناوەوە بە کاشی فرفوری سپی یان سیرامیك داپۆشرێت و نێوان دیوار و زەوی سەربڕخانەکە سلۆپێکی گونجاوی هەبێت.
- بنمیچی( سەقف)ی هۆڵی سەربڕخانە و ژوورەکان لە ماددەیەك دروست بکرێت کە شێ هەڵنەگرێت و کەروو لەسەری گەشە نەکات.
- نابێت ماددەی ئەسبێس (Asbestos) یان هەر ماددەیەکی تری زیان بەخش لە بینای سەربڕخانە بەکاربهێنرێت.

٧- **دەرگا و پەنجەرەی سەربڕخانە:** لە ماددەی دژە ژەنگ دروست بکرێت و توند و تۆل بێت و دەرگا و پەنجەرەکان بە هێڵەگ داپۆشرێت بۆ ڕێگری لە چوونە ژوورەوەی مێش و مێروو .

٨- **کارەبا:** پێویستە تۆرەکانی کارەبای ناو سەربڕخانە گونجاو بێت و کارەبای بەردەوامی هەبێت. پێویست دەکات کە محاویلە و عمود و تەل و بڕی ئەو کارەبایەی بۆ پڕۆژەکە پێویستە بۆ رووناك کردنەوە دابین بکرێت، وە زۆر پێویستە بەردەوام پلاجکتۆری گەورە لە دەرەوەی پڕۆژەکە کار بکات لەگەڵ کارەبای پێویست بۆ بەراد و کارگە و پاشکۆکان و تاقیگە و لە هەمووی گرینگتر بۆیلەرەکان کە پێویستە بەردەوام ئاوی گەرم هەبێت. کارەبای سەربڕخانە بەپێی پێویستی شوێنەکان هەبێت بۆ نموونە شوێنی پشکنینی گۆشتەکە (٥٤٠ lux ) پێنج سەدو چل لۆکس کەمتر نەبێت، شوێنی نەرمە کردن (٢٢٠ lux) دوو سەدو بیست لۆکس کەمتر نەبێت و شوێنەکانی تر (٢١٠ lux) دوو سەدو دە لۆکس لە بەرزی (٠,٩ م) سفرو فاریزە نۆ مەتر لە زەوییەوە ئەژمێر درێت. ڕەنگی گڵۆپەکان ئەبێت سپی بێت کە کاریگەری نەبێت لەسەر گۆڕانی ڕەنگی گۆشتەکە و هەموو گڵۆپەکان کەڤەری هەبێت. وە مۆلیدەی کارەبای گونجاو هەبێت لە کاتی نەبوونی کارەبای نیشتمانی .

٩- **ئاو**: هەبوونی تۆڕی ئاو گونجاو. کە ئەو مەوادانەی کە بەکاردەهێنرێت لە سیستەمی ئاوی پرۆژەکە شیاو بێت لەڕووی تەندروستیەوە، وە ئاوی پێویستی پاك کە بۆ خواردنەوە بێت بەکار بێت لەگەڵ دابین کردنی ترومپای تایبەت بۆ مسـۆگەرکردنی پرژاندنی ئاو بۆ شـوشـتنی سـەربڕخانەو دابین کردنی بۆیلەری گەرم کردنی ئاو بۆ پلەی (C° ٨٢) هەشتاو دوو پلەی سیلیزی .

١٠-**ئاوەڕۆ**: دانانی تۆڕی ئاوەڕۆ لە ناوخۆی سـەربڕخانە بۆ دەرکردنی ئاوی قورس و دانانی هێڵەگ بۆ جیاکردنەوەی پاشماوەی ڕەق و شل. پێویستە هەموو ئاوەڕۆکان هێڵەگیان هەبێت بۆ ڕێگری کردن لە هاتنە ژوورەوەی مشك و جرج بۆ ناو سەربڕخانە، وە باشترە ئاوەڕۆی سەربڕخانەکە بە ئامێری پێشکەوتوو دووبارە ریسایکل بکرێت.

١١-**دانانی سـوتێنەر**:بە توانایەك بێت کە بگونجێت لەگەڵ قەبارەی سـەربڕخانەو لەناو پرۆژەکە بێت بەپێی ڕێنماییەکانی ژینگە دروسـت کرابێت کە ڕەچاوی ئاراسـتەی با بۆ دوکەڵکێشـەکە بکرێت لەگەڵ بوونی فلتەری تایبەت. وە بەکاربهێنرێت بۆ سـوتاندن و لە ناوبردنی هەموو پاشـماوەیەکی ئاژەڵ و ئاژەڵی مردار بوو لەگەڵ ئەندامی ڕەتکراوە. یاخود بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ بۆ چارەسەرکردنی پاشماوەی پرۆژەکە کەبەپێی ستانداردی جیهانی بێت.

١٢- دابین کردنی هۆکارەکانی فێنك کەرەوە و گەرمی کە بگونجێت لەگەڵ کەش و هەوای کارکردن لەناو سەربڕخانە بەپێی گۆڕانکاری وەرزەکانی ساڵ.

١٣- هەواگۆرکی (تهویە) بەشێوەیەك بێت کەشێ و گەرما دروست نەبێت لە ناو هۆڵەکە، لەبەرئەوەی دروسـت بوونی دڵۆپی ئاو لەسـەر ئامێرەکان دەبێتە هۆی پەیدابوونی ژەنگ و کەڕوو وە کۆبوونەوەی بەکتریا.

١٤- دانانی پێوەری گەرمی لە گشـت بەشـەکانی سـەربڕخانە، وە پلەی گەرمی هەر بەشـێك بەپێی تایبەتمەندی بەشەکە گونجاو بێت.

١٥-دانانی سـیسـتەمی چاودێری کامیرا و بوونی ژووری تایبەت بە کۆنترۆل و شـاشـەی کامێرا بۆ چاودێری کردنی دەرەوە و ناوەوەی سەربڕخانە.

١٦- پێویستە سەربڕخانە دوو دەرگای هەبێت یەکێکیان بۆ هاتوچۆکردنی ئوتۆمبێلی ئاژەڵی زیندوو، ئەوی تریان بۆ هێنانەدەرەوەی گۆشت و هاتوچۆکردنی ئوتۆمبێلی بەرادی گۆشت کە جیاواز بن وە دوور بن لە یەکتری هەریەکێکیان ڕێگەی جیاوازی خۆی هەبێت، وە بەلایەنی کەمەوە پانیەکەی لە (٦م) شەش مەتر کەمتر نەبێت.

١٧- لە مەدخەلی چوونە ژورەوەی ستافی سەربڕخانەو پزیشکان بۆ ناو هۆڵی سەربڕین شـوێنێکی تایبەت هەبێت بۆ پاککردنەوە و تعقیم کردنی دەست و پێ و پۆشینی بەدلە و جزمە.

١٨- پێویستە خاوەن سەربڕخانە هەڵسێت بە معیارکردنی ئامێرەکان و قەپانی ناو سەربڕخانە.

١٩- سیستەمی ئیشکردن لە سەربڕخانە ئەبێت داخراو بێت واتا پەنجەرە و دەرگاکان هەموو کاتێك داخراو بێت لەکاتی ئیش کردندا.
٢٠- جێبەجێ کردنی گشت مەرجەکانی تایبەت بە بەرگری شارستانی لە پرۆژەکە دا پەیڕەو کرابێت.

**ماددەی (٨):بەشەکانی سەربڕخانە**

**یەکەم : شوێنی ڕاگرتنی ئاژەڵ پێش سەربڕین:** بەم مەرجانەی خوارەوە :

١- پێویستە شوێنەکە پەرژین و سەقفی هەبێت و زەوییەکەی کۆنکریت کرابێت وە سلۆپیەکی هەبێت بۆ ئاسان پاك کردنەوەی. هەروەها، پێویستە کۆڵی ئاو و ئاڵفی تێدا بێت.
٢- بۆهەرجۆرێك لە ئاژەڵ شوێنێکی جیا دابین بکرێت: پێویستە شوێنی ڕەشەوولاخ جیاواز بێت لە مەر و بزن شوێنی حەوانەوەی ڕەشەووڵاخ . دابین کردنی رووبەری( ٢,٣م٢)، و بەرزی (١,٧م) بۆ یەك ڕەشەوولاخ، بۆ مەڕ و بزن ڕووبەری (٠,٧م٢)، بەرزی (٠,٩م٢). نێوانی بۆرییەکان پێویستە (١٥ سم) زیاتر نەبێ بۆ ئەوەی سەری مەر و بزن نەیەتە دەرەوە لە نێوان بۆرییەکان.
٣- پێویستە ئەم شوینە بە ڕێرەوێك بەسترابێتەوە بە هۆڵی سەربڕین و بە شوێنی سەربڕین کۆتای بێت.
٤- زەوی ئەو شوێنانە بە شێوەیەك دروست کرابێت کە کرداری کۆکردنەوەی پاشماوەی توند و شلەکان بە ئاسانی ئەنجام بدرێت لەکاتی شوشتن و پاککردنەوەی شوێنەکان و دەبەسترێتەوە بە زێرابی ئاوەرۆکانی سەرەکی .
٥- دابین کردنی شوێنی پەرژین کراو یا هۆڵێك بۆ جیاکردنەوەی ئاژەڵی نەخۆش یان گومان لێکراو بەمەبەستی چاودێری کردنیان.
٦- پێویستە ئاژەڵەکان بۆماوەی (١٢ کاتژمێر) لەم شوێنە بمێننەوە پێش سەربڕین.
٧- لەم شوێنە پشکنینی پێش سەربڕین بۆ ئاژەڵەکان ئەنجام دەدرێت.

**دووەم: شوێنی قەپان کردنی ئاژەڵی زیندوو**

شوێنێکی تایبەتی هەبێت بۆ قەپان کردنی ئۆتۆمبێلی ئاژەڵی زیندوو قەپانی گەورەی ئەلیکترۆنی بەکار بهێنن وە دانانی قەپانی زەمینی بۆ کێشانی ئاژەڵەکان بەر لە سەربڕین. هەروەها بوونی قەپانی ئەلیکترۆنی بۆ کێشانی لاشەی سەربڕاو پێش ئەوەی بخرێتە ساردکەرەوەکان.

**سێیەم: شوێنێکی تایبەتی هەبێت بۆ پاککردنەوە و تعقیم کردنی ئۆتۆمبیلی گواستنەوەی ئاژەڵی زیندوو**

**١-** پێویستە ئەو شوێنە ئاوی گەرم و ساردی تێدا بێت بە ئامێری فشار کار بکات کە لە (٢٠ PSI) کەمتر نەبێت و لە نزیك شوێنی حەوانەوەی ئاژەڵەکان بێت و زەویەکەی پێویستە ئاوەڕۆی هەبێت و سلۆپی هەبێت.
**٢-** ئوتۆمبێلی گواستنەوەی ئاژەڵ هەموو مەرجەکانی تەندروستی هەبێت و ڕەچاوی رعایەتی ئاژەڵی (Welfare Animal) بکرێت.

**چوارەم: هۆڵی سەربڕین**

هۆڵێکی تایبەت بە ســەربڕین بۆ هەر جۆرە ئاژەڵێك دیاری دەکرێت و پێویســتە ئاوەڕۆی تایبەتی هەبێت بۆ ئەو خوێنەی کە لە ئەنجامی ســەربڕینی ئاژەڵەکان دەرژێت، وە گشــت ئەو مەرجانەی تێدا بێت کە باسکراون. هۆڵی سەربڕینی ڕەشە ووڵاخ پێویستە قەفەسی کۆنترۆڵ کردنی ئاژەڵی تێدا بێت بۆ بێهۆش کردن و سـەربڕینی ڕەشـە وولاخەکە ئینجا هەڵواسـین و کۆکردنەوەی خوێنی ئاژەڵەکە لەو شوێنەدا کە پێویستە زەویەکە سلۆپی هەبێت هەموو ئامێرەکان و قولاب و لاینەکان لە ستیل دروست کرابێت. هەموو کارەکانی تر بە شێوەی سکە بەڕێوە بچێت و باشترە ئۆتۆماتیکی بێت. بەرزی لاینەکان گونجاو بێت بۆ ئەوەی لاشــەکان نەگاتە زەوی دوای ئەوە پزیشــکی ڤێتێرنەری پشــکنینی بۆ ئەنجام بدات و بچێتە ژووری بەرادەکان . هۆڵی ســەربڕینی مەر و بزن بەهەمان شــێوە کارەکانیان ئەنجام ئەدەن و ئامێری دەرکردنی درِەکە پەتك بەکاربهێنرێت.

**پێنجەم: هۆڵی سەربڕینی کتوپڕ ( لەناکاو) ( ئێمێرجنسی)**

هۆلێك تایبەت دەکرێت بۆ حاڵەتی کت و پڕ یان لەناکاو لە پێناو ڕێگری لە پیس بوونی لاشـــەی تەندروســـت، پێویســـت دەکات شـــوێنەکە نزیك هۆڵی حەوانەوەی ئاژەڵ بێت. ئەم هۆڵە جیاوازە لە هۆڵی سەربڕینی ئاسایی.

**شەشەم: هۆڵی کارکردنی سەربڕین ( مامەڵەکردنی سەربڕین)**

لەم هۆڵە سـەرجەم کردارەکان بە شـێوەی هەڵواسـراو ئەنجام بدرێت وە لاشـەی ئاژەڵی سـەربڕاو بەر زەوی نەکەوێت. لەم هۆڵە پێســت لە لاشــەی ئاژەڵی ســەربڕاو جیادەکرێتەوە، وە ســەروپێیەکان و ڕیخوڵە و بەشـەکانی ناوەوەی جیادەکرێتەوە. لەم قۆناغە کرداری پشکنینی دوای سـەربڕین لە لایەن پزیشـــکی ڤێتێرنەری ئەنجام دەدرێت و مۆری فەرمی ســـەلامەتی لە لاشـــەکە دەدرێت. لە هۆڵەکە پێوسیتە ئاوی گەرم و سارد و ڕووناکی و دەست شۆر و ئامێری (Sterilizer) تێدابێت و پلەی گەرمی (12°C) دوانزە پلەی سیلیزی زیاتر نەبێت، وە پێویستە هۆڵەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبێت لەگەڵ هۆڵی سەربڕین و شوێنی بەرادەکان.

**حەوتەم: کۆگای ساردکەرەوە و بەستینەر (چیلینگ)**

پێویستە کۆگای ساردکەرەوە هەبێت، وە بەستێنەر بوونی هەبێت بەپێی پێویستی و جۆری پڕۆژەکە بەپێی مەرج و ستانداردی تایبەت بە کۆگاکردن و هەڵگرتنی لاشە و گۆشت و ئەندامەکان و قەبارەی کۆگاکانیش بەپێی وزەی بەرهەمی ســەربڕخانە بێت و ئەم کۆگایانەش هاوتا لەگەڵ هۆڵی ســەربڕین دەبێت لە پێناو گواستنەوەی لاشـەکان بەئاسـانی بۆ کۆگای سـاردکەرەوە. وە پلەی گەرمی (0 - 7°C) ســفر بۆ حەوت پلەی ســیلیزی بێت و ڕووناك بێت و ئەم بەڕادانە ڕاســتەوخۆ لە ڕێگەی ســکەوە پەیوەندی بە هۆڵی ســەربڕینەوە هەبێت، وە لە دەرگای دواوە پەیوەندی هەبێت بە شـوێنی بارکردنی گۆشت بۆ ناو ئۆتۆمبێلی بەراد بۆ گواستنەوەی گۆشتەکە .

هەروەها، ژوورێکی بەرادی تایبەت هەبێت بۆ لاشــەی گومان لێکراو کە چاوەروانی پشــکنینی تاقیگە بکات بەهەمان ســتانداری بەرادی ســەرەوە، ژوورێکی بەرادی تایبەت هەبێت بۆ ئەندامەکان کە پلەی گەرمی (3°C - 0) ســفر بۆ ســێ پلەی ســیلیزی بێت، وە ژوورێکی بەرادی تایبەت هەبێت بۆ لاشــە و ئەندامی ڕەتکراوە.

**هەشتەم: هۆڵی تایبەت بە کارگەی ئامادەکردن و پاککردن و چاککردنی سەرو پێ و هەناو**

١- دابینکردنی شوێنێکی تایبەت بە ئامادەکردن و پاککردن و چاککردنی سەر و پێ و ڕیخۆڵە و گەدە کە پێویستە سەرجەم مەرجە تەندروستی و ڤێتێرنەریەکانی هەبێت.

٢- ڕێگە نادرێت بە دروست کردنی کارگەی ئامادەکردنی سەروپێ لەدەرەوی پرۆژەی سەربرخانە.

**نۆیەم: ژووری کۆکردنەوەی پارچەی نەشیاو**

ژوورێك تایبەت دەکرێت بۆ کۆکردنەوەی پارچەی نەشــیاو و ئەو لاشــانەی شــیاونین بۆ بەکارهێنان و دەبێت بە جیا بێت لە بەشەکانی تر.

**دەیەم: کۆگای پێستە**

دابین کردنی شــوێنێکی تایبەت بۆ هەڵگرتنی پێســتە کە پەیوەندی ڕاســتەوخۆی هەبێت بە هۆڵی ســەربرین بەڕێرەوێکی تایبەت و جیا بێت لە هۆڵی ســەربڕین، وە پاشــان دەنێردرێت بۆ کارگەی خۆشەکردنی پێستە.

**یازدەم: تاقیگە**

پێویسـتە بەشـێك هەبێت بۆ تاقیگە بۆ ئەنجامدانی پشـکنین بەپێی قەبارەی بەرهەمهێنانی گۆشـت و سەرجەم ئامێر و پێداویستیەکانی پشکنینی تاقیگەیی لە خۆبگرێت.

**دوازدەم: بینایەی بەشی هونەری و خزمەت گوزاریەکان**

لە سـەربڕخانە بینایەك تایبەت بە بەشـی هونەری و خزمەتگوزاریەکان دادەمەزرێت کەڕێسـتورانت و یەکەی کارگێری و شـوێنی تایبەت بە پزیشکان و کارمەندان و سـتافی سـەربڕخانەی هەبێت بەجیا، وە شوێنی خۆگۆڕین و خۆشوشتن و دەست شۆر و ئاوی گەرم و سارد لە خۆ بگرێت. دەبێت ئەم بەشانە جیابکرێتەوە لە بەشـەکانی کارکردن و بەرهەمهێنان کە راسـتەوخۆ نەکەوێتە سـەر هۆڵی سـەربڕین و هۆڵی بەرهەمەکانی گۆشت بە رەچاوکردنی مەرجەکانی پاك و خاوێنی و تەندروستی گشتی.

**سێزدەم: بەشی چاککردن (صيانە)**

لەناو ســەربڕخانە هەبێت و هەموو پێداویســتی چاککردنی ئامێرەکانی هەبێت بە ســەرپەرشــتی ستافێکی هونەری و شارەزا، وە پێویستە دوور بێت لە هۆڵی سەربڕین و بەشەکانی تری سەربڕخانە.

**چواردەم: بوونی یەکەیەکی فریاگوزاری سەرەتایی تەندروستی**

کە پێویســتیەکانی دەرمان وپێداویســتی فریاکەوتن و تەندروســتی خێرایی هەبێت بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی، وە باشترە کارمەندی تەندروستی هەبێت.

**ماددەی (٩): پاشكۆكان تایبەت بە پڕۆژەی سەربڕخانە**

١- بوونی كارگەی دروستكردنی بەرهەمە گۆشتیەكان.

٢- بوونی كارگەی دروستكردنی پەینی ئەندامی بە مەبەستی سود وەرگرتن لە پاشماوەی شیاوی سەربڕخانەكە پێویستە لە سایت پلانی پڕۆژەكە بەدووریەكی گونجاو لەكارگەی دروست كردنی بەرهەمە گۆشتیەكان و بەشەكانی تری سەربڕخانە شوێن بۆ دروست كردنی دیاری بكرێت.

٣- مەرجەكانی كاركردنی ئەم كارگانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەردەچێت.

**ماددەی (١٠): ئامادەكردن و گواستنەوەی گۆشت بۆ بەكارهێنانی مرۆڤ لە سەربڕخانە**

**یەكەم : بەرهەم هێنان و ئامادەكرنی گۆشت لە سەربرخانە**

١- پێویستە گۆشتەكە لە سەربڕخانەیەكی فەرمی و ڕێگە پێدراو بەرهەم هاتبێت.

٢- پێویستە گۆشتەكە لە ئاژەڵێكی تەندروست و ساغ بێت كە پشكنینی پێش سەربڕین و دوای سەربڕینی بۆ كرابێت لەلایەن پزیشكی ڤێتێرنەری حكومی.

٣- پێویستە گۆشتەكە مۆر كرا بێت بە مۆری فەرمی وەزارەت.

٤- نابێت بەهیچ شێوەیەك ئاژەڵ لەدەرەوەی سەربڕخانەكان سەرببرێت.

٥- لاشەی ئاژەڵ بۆ ماوەی (٢٤)كاتژمێر لە ساردكەرەوەی سەربڕخانە لە پلەی (7°C - 0) سفر بۆ حەوت پلەی سیلیزی هەڵدەواسرێت و دەمێنێتەوە بەمەبەستی ئامادەكردنی گۆشتێكی تەندروست.

٦- نابێت گۆشت كەلەكە بكرێت لەسەر یەك و نابێت لەسەر زەوی دابنرێت بەڵكو پێویستە هەڵبواسرێت بە قولابی ستیل.

**دووەم: گواستنەوەی گۆشت و پاشماوەی سەربڕخانە**

١- دابین كردنی ئۆتۆمبێلی بەرادی تایبەت بە قەبارەی جیاواز بۆ گواستنەوەی گۆشت یان لاشەی شیاو كە پلەی گەرمی بەرادەكە لە (7°C - 0) سفر بۆ حەوت پلەی سیلیزی بێت.

- پێویستە ئوتۆمبیلەكە مەرجی تەندروستی تێدابێت و نابێت بە ئۆتۆمبیلی كراوە گۆشتی فرێش بگوازرێتەوە یاخود بە ئۆتۆمبیلێك كە بۆ گواستنەوەی ئاژەڵی زیندوو بەكاردێت.
- ئەو ئۆتۆمبیلە دیزاین دەكرێت بۆ گواستنەوەی گۆشت بە شێوازێك كە گۆشتەكە دەپارێزێت لە پلەی (7 °C - 0) سفر بۆ حەوت پلەی سیلیزی لە كاتی گواستنەوە و دیوارەكانی ئۆتۆمبیلەكە پێویستە لوس بن و بەرگەی ژەنگ بوون و داخوران بگرێت و ئاسان بێت بۆ پاككردنەوە و دەرگاكانی بە تەواوی ببەسترێت لە كاتی گواستنەوەی گۆشت و دەبێت قولاب وئامێری هەڵواسینی تێدابێت كە لە ستیل دروست كرابن .

٢- گواستنەوەی پاشماوەی سەربڕخانەو گۆشتی نەشیاو دەگوازرێتەوە بە ئۆتۆمبێلی تایبەت لە ژێر چاودێری پزیشكی ڤێتێرنەری.

**ماددەی (١١): چارەسەری پاشەڕۆی سەربڕخانەكان :** بەپێی ڕێنماییە بەركارەكانی ژینگە دەبێت.

**ماددەی (١٢): کرێکارانی سەربڕخانە**

١- ئەو کەسانەی کە لە سەربڕخانە کاردەکەن دەبێت تەمەنیان لە( ١٨ ساڵ) کەمتر نەبێت.

٢- پێویستە خاوەنی کارتی تەندروستی بن وە ساڵانە کارتەکەیان بۆ تازەبکرێتەوە.

٣- دیارکردنی ژمارەی کرێکاران بەپێی قەبارەی سەربڕخانە.

٤- لەبەرکردنی جلی تایبەت لەکاتی کارکردن.

٥- پێویستە پاراستنی جل و بەرگی کرێکار لە شوێنی تایبەت بێت و جیا بێت لە هۆڵی کارکردن.

٦- لەکاتی سەرهەڵدانی نەخۆشی درم یا گومان لە بوونی لە نێوان کرێکارەکان پێویستە لەسەر بەرپرسی سەربڕخانە بەخێرا لایەنی تەندروستی ئاگادار بکاتەوە.

٧- دابین کردنی پێداویستی تایبەت بە کرێکارەکان بۆ خۆپاراستن.

٨- جولەو ئاراستەی چوونە ژورەوەو هاتنە دەرەوەی کرێکار یەك ئاراستە بێت بۆ ناو هۆلی کار.

٩- پێش هاتنە ژوورەوەی کرێکارەکان پێویستە کەل و پەلەکانیان تەعقیم بکرێن.

١٠-جگە لە کرێکار و کارمەندانی سەربڕخانە هیچ کەسێکی تر بۆی نیە بچێتە ناو سەربڕخانە.

١١-تەنها ستافی سەربڕخانە کارەکانی سەربڕین و کەوڵکردن و پاککردنەوەی گۆشت ئەنجام بدەن.

**ماددەی (١٣) :تەمەن و کێش و جۆری ئاژەڵ**

پێویستە لەکاتی سەربڕینی ئاژەڵ ڕەچاوی تەمەن و کێشی ئاژەڵ بکرێت بەم شێوەی خوارەوە:

١- ڕێگا نادرێت بە سەربڕینی ئاژەڵی مێ پێش گەیشتن بەم تەمەنانە :-

أ- مەر و بزن : ٥ ساڵ (پێنج ساڵ).

ب- مانگا و گامێش : ٧ساڵ (حەوت ساڵ).

ت- حوشتر : ١٠ ساڵ (دە ساڵ)

٢- ڕێگە نادرێت بە سەربڕینی ئاژەڵی ئاوس کە لە خاڵی ١ هاتووە.

٣- ڕێگە نادرێت بە سەربڕینی ئاژەڵی نەخۆش و لاواز .

٤- ڕێگە نادرێت بە سەربڕینی ئاژەڵی نێر کەمتر لەم کێشانەی خوارەوە :-

أ- مەر و بزن : ٢٥ کگم (بیست و پێنج کیلۆگرام).

ب- گۆلك : ١٥٠ کگم (سەدو پەنجا کیلۆ گرام).

**ماددەی (١٤): سەرپەرشتی کردنی ڤێتێرنەری سەربڕخانەکان و شوێنەکانی فرۆشتنی گۆشت**

١- سەربڕخانە لە ژێر چاودێری بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری دەبێت و پێویستە لەلایەن پزیشکی ڤێتێرنەری تایبەت و بەفەرمی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری سەرپەرشتی بکرێت.

٢- بەرێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری لە ڕێگەی لیژنەکانیان سەردان بۆ سەربڕخانە فەرمییەکان وشوێنی گۆشت فرۆشەکان ئەنجام دەدەن بەمەبەستی دڵنیابوون لە هەبوونی مەرجە تەندروستیەکان و ڤێتێرنەریەکان هونەرییەکان.

٣- بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری دەست دەگرن بەسەر گۆشتی مۆرنەکراو و گۆشتی نەشیاو بۆ خواردن کە لە دەرەوەی ڕێنماییەکان سەربڕاون .
٤- پشکنینی پێش سەربڕین و دوای سەربڕین.
٥- چاودێری کردنی مەرجەکانی ڤێتێرنەری لە ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی ئاژەڵ و گۆشت.
٦- چاودێری کردنی مەرجەکانی تەندروستی هەموو بەشەکانی سەربڕخانە.
٧- تۆمار کردنی ئامار و داتاکان.
٨- ڕاپۆرت کردنی نەخۆشیە درمەکان (Notifiable Disease) بەزووترین کات بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری.
٩- ناردنی ڕاپۆرتی مانگانەی سەربڕین بۆ فەرمانگەی ڤێتێرنەری بەبەردەوامی.
١٠-جێبەجێ کردنی هەر ئەرکێك کە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری پێی ڕادەسپێردرێت.

**ماددەی (١٥):سەربڕخانەی بچوك یان تایبەت بەپڕۆژەکان**

١- ڕێگە نادرێت بە دروست کردنی سەربڕخانەی بچوك یان گەرۆك یان سەربڕخانە لە ناو پڕۆژەکانی بەخێوکردن و قەڵەوکردنی ئاژەڵ و مەیدانی ئاژەڵان.
٢- تەنها ئەو پڕۆژە ئاژەڵیە گەورانەی کە پڕۆژەکانیان مۆڵەتی فەرمیان هەیە و ستراتیجین و بە بازارکردن و مارکێتینی تایبەت بە خۆیان هەیە و توانای پڕۆژەکانیان لە بیست هەزار (٢٠,٠٠٠) سەر ئاژەڵی بچوك و زیاتر یان لە دە هەزار (١٠,٠٠٠) سەر ئاژەڵی گەورە (ڕەشە ووڵاغ) و زیاترە بەپێی هەمان مەرجی هونەری و ڤێتێرنەری کە لەم ڕێنماییەدا هاتووە، وەبەستانداردی دیاریکراو و پێشکەوتوو دەتوانن سەربڕخانەی تایبەت بە پڕۆژەکەیان دابمەزرێنن لە ژێر سەرپەرشتی پزیشکی ڤێتێرنەری و بە چاودێری بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری کاربکات. بەم مەرجانەی خوارەوە:
١- لارینە بوونی بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری ناوچەکەی لەسەر بێت لەسەر دروست کردنی سەربڕخانەکە (لە ڕووی هەبوونی ستافی پێویست و توانای سەرپەرشتی کردن، پێویستی ناوچەکە بۆ دروست کردنی سەربڕخانە ... هتد).
٢- پڕۆژەکە مۆڵەتی فەرمی هەبێت یان دەربهێنێت پێش دروستکردنی سەربرخانەکە.
٣- سەربڕخانەکە تایبەت بێت بە سەربڕینی ئاژەڵی پڕۆژەکەی خۆی وە نابێت بە هیچ شێوەیەك ئاژەڵی تری لێ سەر ببڕێت.
٤- پڕۆژەکە بە فیعلی ئەم ژمارە ئاژەڵە هاوردە بکات یان بەخێو بکات یان کاری ئاژەڵداری بکات کە هاوتا بێت لەگەڵ وزەی پڕۆژەکە بە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ.
٥- قەبارەی سەربڕخانەکە بەپێی ووزەی پڕۆژەکە بێت.
٦- بینایەی سەربڕخانەکە و پاشکۆکانی بەلایەنی کەم (٥٠٠م) پێنچ سەد مەتر دوور بێت لە هۆڵەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵ.

٧- ئاراستەی با ڕەچاو بکرێت (لە سەربڕخانەوە بۆ پرۆژەکە بێت نەك بە پێچەوانەوە).
٨- ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی ژینگە بۆ لەناوبردن یان چارەسەرکردنی پاشماوەی سەربڕخانەکە بەپێی مەرج و ڕێنماییەکان.

**ماددەی (١٦): سەرپێچیەکان و سزاکان**

**یەکەم:** پابەندنەبوونی خاوەن سەربڕخانە بە مەرجە هونەریەکانی بینایەی سەربڕخانە یان هەبوونی کەم و کورتیەکە لە بینایەو ئامێرەکانی سەربڕخانەو چاك نەکردنەوەیان.

**سزاکان:**

١- ئاگادار دەکرێتەوە بەجێبەجێ کردنی کەم و کورتیەکان لەماوەی (٣-١) مانگ بەپێی جۆری کەمو کورتیەکە و بەڵێننامە بدات.
٢- لە ئەگەری جێبەجێ نەکردنی، شوێنەکە دابخرێت بۆماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە (٣٠) ڕۆژ و و پێبژاردنی بۆبکرێت بە بڕگەی (٢) ماددەی (٦) لە یاسای ڕێکخستنی سەربڕینی ئاژەڵ، وە مۆڵەتی (١مانگ) یەک مانگی تری پێ بدرێت، وە بەڵێننامەی لێ وەربگیرێت.
٣- لەکاتی بەردەوام بوون یان دووبارەکردنەوەی سەرپێچی، شوێنەکە دابخرێت وە بە پێ ی یاسای ڕێکخستنی سەربڕینی ئاژەڵ بدرێتە دادگا.

**دووەم:**

١- سەربڕین و فرۆشتنی گۆشتی ئاژەڵ لەدەرەوەی سەربڕخانە بەتایبەتی لە مەیدانی ئاژەڵان و سەرشەقام وبازاڕ و بەردەم دوکانی گۆشت فرۆشەکان.
٢- پابەند نەبوون بەمەرج و ڕێنماییەکانی تایبەت بە کێش و تەمەن و جۆری ئاژەڵ.

**سزاکان:**

بەپێی بڕگەی (١) ماددەی (٦) لە یاسای ڕێکخستنی سەربڕینی ئاژەڵ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بدرێتە دادگا.

**سێیەم: ئەنجام دانی ئەم سەرپێچیانەی خوارەوە:**

١- سەربڕینی ئاژەڵ بەبێ ئاگاداری، ڕەزامەندی، و پشکنینی پزیشکی ڤێتێرنەری لە سەربرخانە .
٢- مۆر نەکردنی گۆشت بەمۆری تەرخانکراوی فەرمی وەزارەت یاخود مۆرکرنی گۆشت لەلایەن کەسانی تر بەبێ ئاگاداری پزیشکی ڤێتێرنەری وە فرۆشتنی گۆشتی بێ مۆر لە سەربرخانە.
٣- سەرپێچی کردنی رێنمایی پزیشکانی ڤێتێرنەری تایبەتمەند و دیاری کراو لەلایەن وەزارەت بۆ پشکنین ئاژەڵ بەر لە سەربڕین و دوای سەربڕینی کە پەیوەندی هەیە بە سەلامەتی گۆشت و شیاوی بەکارهێنانی بۆمرۆڤ لە سەربرخانە.
٤- سەربڕینی ئاژەڵی نەخۆش یان نەشیاو بۆ سەربڕین یان ئاژەڵی چارەسەرکراو بە دەرمان بەبێ ڕەچاوکردنی ماوەی چاوەڕوانی (Withdrawal Period) وبەبێ ڕەزامەندی پزیشکی ڤێتێرنەری یان بەریوەبەرایەتی ڤێتێرنەری لە سەربرخانە .

٥- پابەند نەبوون بە کاتی دیاری کراو بۆ سەربڕینی  ئاژەڵ لە سەربرخانە.
٦- پابەند نەبوون بە ڕێنمایی تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ  پاشماوەی سەربڕخانەو ئاژەڵە مردوەکان و پاشماوەی سەربڕین یان فڕێدانی پاشماوەی ئاژەڵ یان ئاژەڵی مرداربوو لە شەقام و بازار و کۆڵانەکان، مەیدانی ئاژەڵان و دەوروبەری سەربڕخانەکان.
٧- نویێ نەکردنەوەی  مۆڵەتی ڤێتێرنەری لەلایەن سەربرخانە ، شوێنی گۆشت فرۆشتن ،کۆگای گۆشت.
٨-  پابەند نەبوونی بە یاساو  ڕێنماییەکان و جێبەجێ نەکردنی مەرجی تەندروستی ڤێتێرنەری و هونەریەکان لەلایەن سەربرخانە ، شوێنی گۆشت فرۆشتن ،کۆگای گۆشت جگە لە خاڵی (دووەم)

**ماددەی** (١٦)

**سزاکان :**

**أ-** شوێنەکە دابخرێت بۆماوەی زیاتر نەبێت لە(٣٠ ڕۆژ) سی ڕۆژ (بەپێی جۆری سەرپێچیەکە) وە بەپێی ناوەرۆکی بڕگەی(٢) ماددەی (٦) لە یاسای ڕێکخستنی سەربڕینی ئاژەڵ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لەگەڵ دەست بەسەرداگرتن و لەناوبردنی گۆشتەکە، وە بەڵێندان بە دووبارەنەکردنەوە یان پابەندبوون بە ڕێنماییەکان .

**ب-** لەکاتی دووبارەکردنەوەیان بەردەوام بوون، بەپێی بڕگەی(١)  ماددەی (٦) لە یاسای ڕێکخستنی سەربڕینی ئاژەڵ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بدرێتە دادگا.

**ماددەی** (١٧) **:**کار بە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٠ ی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاودێری عێراق، وە هیچ ڕێنماییەکی تر ناکرێت کە دژ بێت لەگەڵ خاڵەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی** (١٨) **:**ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێدەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوون**

بە مەبەستی ڕێکخستنی سەربڕینی ئاژەڵ، وە دروستکردنی سەربڕخانە لەسەر شێوازی مۆدێرن و ستانداردی نێودەوڵەتی، وە بۆ دڵنیایی لە بەرهەمی سەربڕخانەکان و بەرهەم هێنانی گۆشتێکی تەندروست و نەهێشتنی دیاردەی سەربڕینی ئاژەڵ لە دەرەوەی سەربڕخانە فەرمیەکان ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

## فۆرمی پشکنینی سەربڕخانەی ئاژەڵی

| یەکەم زانیاریەکان | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی سەربڕخانە: | | خاوەنداری سەربڕخانە: | |
| پارێزگا: | قەزا: | ناحیە: | گوند: |
| ژمارەی پارچە زەوی : | | جۆری موڵکیەتی زەویەکە: | |
| رووبەری سەربرخانە: | | روبەریگشتی پارچە زەوی : | |
| جۆری سەربرخانە : | ئاژەڵی گەورە : ☐ | ئاژەڵی بچوك: ☐ | |
| ووزەی سەربڕخانە/کاتژمێر | ئاژەڵی گەورە: | ئاژەڵی بجووك: | |
| | | | |
| هۆکاری پشکنین : | پێدانی مۆڵەت : | رێکەوتی دەست پێکردنی پرۆژە: | رێکەوتی تەواوبوونی پرۆژە: |
| | تازەکردنەوەی مۆڵەت: | ژمارەی مۆڵەت: | بەرواری مۆڵەت: |
| جۆری پشکنین : | سەرەتایی : | ناوەندی: | کۆتایی: |
| پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ | | پێشکەشکردنی سودی ئابووری | |
| بەڵگەنامە پێویستەکان | | | |
| سەرچاوە و ناوی کۆمپانیا کە باڵەخانەی سەربرخانە دروست دەکات | | | |
| سەرچاوە و ناوی کۆمپانیا کە ئامێرەکان دابین دەکات: | | | |

| دووەم: .دووریەکان | یەکە | OK | | یەکە | Ok |
|---|---|---|---|---|---|
| لە سنووری شارەوانی پارێزگا | | | دووری لە پرۆژەکانی ماسی | | |
| لە سنووری شارەوانی شارو شارۆچکە و ناحیە | | | دووری لە پرۆژەی پەلەوەری نەژاد (گۆشت و هێلکە ) | | |
| دووری لە کۆمەڵگای نیشتەجێ بوون | | | دووری لە سەربرخانەی پەلەوەر | | |
| دووری لە گوند | | | دووری لە سەربڕخانەی ئاژەڵ | | |
| دووری لە رێگای سەرەکی | | | دووری لە گۆڕستان | | |
| دووری لە رێگای لاوەکی | | | لە هێلی پاڵەپەستۆی کارەبای بەرز | | |
| دووری لە رێگای گوند | | | | | |
| دووری لە پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت و قەل و وشتر مەل و کارگەی ئالیك و هەلهێنەری پەلەوەر | | | | | |
| دووری لە پرۆژەی پەلەوەری (دایکانەی گۆشت و هێلکە ، مریشکی هێلکەی خواردن و تەواوکاری ) | | | | | |
| دووری لە پرۆژەکانی بەخێوکردن و قەلەوکردنی ئاژەڵە کاوێژکارەکان | | | | | |
| دووری لە سەرچاوەی ئاوی رووبار و دەریاچەو رێرەوەکانی ئاو | | | | | |
| دووری لەم کارگانەی کە بۆنی ناخۆش و گازی ژەهراوی دەردەدەن ، پاڵاوگە، بیری نەوت وگازی سروشتی | | | | | |
| لە شوێنی گەشت وگوزار و شوێنەوار(مەزارگەو شوێنەپیرۆزەکان) و بەنداو ، دەریاچە، فرۆکەخانە و مۆڵگەی سەربازی | | | | | |

| سێیەم .ڕەزامەندی لایەنەکان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەی کارگێری ناوچەکە | | سەرچاوەکانی ئاو | | سامانەسروشتیەکان | |
| زەوی و زار | | شارەوانی | | شوێنەوار | |
| ژینگە | | کارەبا | | ڕێگاوبان | |
| تەندروستی | | | | | |
| | | | | | |

**چوارەم : مەرجە گشتیەکان:**

### ١. باڵەخانەی سەربڕخانە

- ئایە پەرژینی ڕێك بە دەوری سەربڕخانە هەیە
- ئایە دوریەکان و ڕێگاکان لە سەربڕخانە قیرتاوکراوە
- ئایە دەرگا و پەنجەرەی سەربڕخانە دروستکراوە لە کەرەستەی دژە ژەنگ و بە پتەوی و ڕێك و پێك بە تۆڕی ڕێگری لە چوونە ژوورەوەی مێش و مەگەز داپۆشراوە .
- ئایە کەرەستە کارەباییەکان دروستە
- ئایە دیزاینی سـەربڕخانە گونجاوە بۆ هەر چاکسـازی یان پاراسـتن بە ئاسـانی دەکرێت لە هەموو هەنگاوەکان دروستکردن .
- ئایە باڵەخانەی و دامەزراوەکان کە مامەڵەی گۆشتی پەلەوەر تێدا ئەنجام دەدرێت چاودێری ڕێك و پێکی دەکرێت لەلایەن کارگێری سەربڕخانە.
- هەبوونی تابلۆی ڕێنیشاندەر :
- هەبوونی سیستەمی تەعقیم کرن یان حەوزی تەعقیم کردن:

### ٢- ئامێر و کەرەستەکان

- ئایە ئەو ئامێرەکان بەکاردێت لە سەربڕخانە تازەن وە دروستکراون لە کەرستەی دژە ژەنگ
- ئایا هێلی گواستنەوەی سەربراوەکان پاك و خاوێن دەکرێنەوە بە ئاسانی
- ئایە چەنگاڵی هەڵواسین دروستکراوە لە ماددەی ستیلس تا بە ئاسانی پاك بکرێتەوە
- ئایە پشتینی گواستنەوەی گۆشت لەسەر هێلی سەربرین دروستکراوە و لە کەرەستەی گونجاو کە بە ئاسانی پاك دەکرێن
- ئایە ئامێرەکان گونجاون و هیچ مەترسی تەندروستیان نیە و بە ئاسانی پاك دەکرێن

### ٣. کارەبا و ڕووناکی

- سەرچاوەی کارەبا : کارەبای گشتی: مۆلیدە:
- ئایا گلۆپەکان لە جۆری باش و سەلامەتە جگە لەوە دەبێت ڕووناکی سروشتی هەبێت .

- ئایە ڕووناکیەکە گونجاوە و ناهێلێت ڕەنگی گۆشت بگۆڕێت.
- ئایە گلۆپەلەکان ڕەنگی سپین
- ئایە تیژی ڕووناکی لە سەربڕخانە کەمترنیە لە ٣٢٥ لوکس و لە جێگای پشکنین لە ٤٥٠ لوکس کەمترنیە

**٤. ئاو**

- سەرچاوەی ئاوی بەکارهاتوو : بۆڕی ئاو بیر
- ئایە ئامێری ئاو راکێشان هەیە بۆ بەردەوامی ئاو
- ئایە ئامێری ئاو گەرم کردن هەیەکە پلەی گەرمی ئاو بگاتە ٨٢
- ئایە ئاوی تەندروست بۆ خواردنەوە بەپێی مواسفاتی قیاسی عێراقیە ٤١٧
- ئایە تانکی ئاو بۆ ئاوکۆکردنەوە بە فراوانی گونجاوە و دابخرێت بە پتەوی و گونجاو بێت لەگەل وزەی سەربڕخانەکە
- ئایە تۆری ئا و ی تۆکمەیە و بە باشی دابەشکراوە .

**٥. تۆری ئاوەڕۆی ناوەوەی سەربڕخانەکان**

- ئایە ڕێرەوی ئاوی زێرابی هەیە و بە هێڵەگی ئاسن داپۆشراوە .
- ئایە پاڵاوتنی هەیە بۆ جیاکردنەوەی پاشماوە ڕەقەکان و چەورییەکان کە کۆتایی دێت بە یەك چارەسەرکردن .
- ئایە تونێلی تایبەتی هەیە بۆ کۆکردنەوەی خوێنی سەربراوەکان جیاکراوەتەوە لە زێرابەکان .
- ئایە تۆری ئاوەرۆی تۆکمەیە
- ئایە تۆری ئاو ئاوەڕۆی ژوورەوە بۆ ئاوی زێراب کاریگەرە

**٦. هەواگۆرکی**

- ئایە سیستمی هەواگۆرکین باشە و ئەکتیڤە بۆ ڕاکێشانی گازەکان و هەڵمەکان
- ئایە پەنجەرەکراوەکان بە تێل داپۆشراوە کە ناهێلێت بەهاتنە ژوورەوەی مێش و مەگەز ومێروەکان و باڵندەکان .
- ئایە سرینە هەوای لە پشت دەرگاکان هەیە و چالاکە لەکاتی کردنەوەی دەرگاکان.
- ئایە ئامێری و سیستەمی ساردکەرەوە وگەرمکەرەوەو هەواگۆرکێ لە سەربڕخانە ڕێك کەوتووە لەگەل کاری سەربڕخانە و گونجاوە

**٧.مەرجی تایبەتی تەندروستی کارمەندان .**

- ئایە کارمەندان کارتی تەندروستیان هەیە کە تیادا ئاماژەکراوە کە تووشی نەخۆشی نەهاتوون .
- ئایە کارمەندەکە کارتی پەروەردەی تەندروستی و ڕێگاپێدانی کاری هەیە

- ئایە کارمەندەکان جل و بەرگی پارێزراویان هەیە وەك ( بەدلە ، دەســتەوان ، جزمە ، دەمامك ، سەرپۆش )
- ئایە هۆیەکانی روونکردنەوە بۆ مەرجەکانی تەندروستی تایبەت بە کرێکاران هەیە .

**٨ . پاکژی و پاك و خاوێنی**

- ئایە پاکژکەرەوەکان بەکاردەهێندرێت بۆ خاوێن کردنەوەی سەربڕخانە .
- ئایە کارمەندی تایبەت هەیە و گونجاوە بۆ کاری پاکردنەوە .
- ئایە لێکۆڵینەوە دەکرێت لە کاریگەری لە پاك و خاوێنی و پاکژی
- ئایە پاکەرەوەکان گونجاوە لەگەڵ مەرجەکانی تەندروستی گشتی .
- ئایە سەربڕخانە پاك و خاوێن دەکرێت لە دوای هەر وەجبەیەك .
- ئایە کەرەستەی کیمیاوی پاکژکەرەوە رێگاپێدراوە لە رووی تەندروستی یان بە رێگای فیزیاویەکان لەگەل پاراستنی گۆشتەکان .
- ئایە باڵەخانەکە بە تاڵ دەکرێت لە ئاژەڵ و هەفتەی جارێك بەلایەنی کەم بۆ رێگاپێدان بۆ پاك و خاوێنکردنەوەی گشتی .

**پێنجەم :**_بەشەکانی سەربڕخانە بەپێی خالەکانی ناو رێنماییەکانە:؟

١. هۆلی حەوانەوەی ئاژەڵ .

ئایە شوێنی ئامادەکراو هەیە بۆ حەوانەوەی ئاژەڵ

٢. شوینی قەپان کردنی ئاژەڵی زیندوو :

٣. هۆڵی سەربرین :

- ئایە سەربرین بە شێوەی ئامێری توماتیك یان دەستی پەیرەودەکرێـت
- ئایە جێگای سەربڕین گونجاوە بۆ کۆنترۆلی ئاژەلەکان
- ئایە خوێن بەربوون تەواوە لەکاتی دیاری کراو .
- ئایە ئامێری خوێن بەربوونەکان و لەوانە جۆگە و کۆنتێنەری خوێن لە کەرەســتەی دژە ژەنگ دروستکراون و بە ئاسانی پاك و خاوێن دەکرێن .
- شێوازی گواستنەوەی لاشەکان:
- جۆری زەەیەکە:
- جۆری دیوارەکان :
- جۆری سەقف:
- ئایە جێگای تایبەت هەیە وە گونجاوە بۆ پشکنین لە دوای سەربڕین
- ئایە پشکنین دەکرێت لەلایەن پزیشکی ڤێتێرنەری لە دوای سەربرین

- ئایە پشکنین دەکرێت بۆ گۆشتەکان و ناوسك لە دوای سەربرین

٤. هۆلی سەربرینی ناچاری( ئیمیرجنسی)
٥. هۆڵی کارکردنی سەربڕین( مامەلەکردنی سەربڕین):
٦. کۆگای ساردکەرەوە
٧. هۆلی خاوێن کردنەوەی هەناو
٨. ژووری کۆکردنەوەی پارچەی نەشیاو :
٩. کۆگای پیستە
١٠. ژووری تاقیگە
١١. هۆلی ئامادەکردن و بەبازارکردن
١٢. بەشی چاککردن (صیانە)
١٣. بوونی یەکەیەکی فریاگوزاری سەرەتایی تەندروستی
١٤. کارگەکان
١٥. هەبوونی سوتێنەر
١٦. کارپێکردن لەگەڵ پاشماوە رەقەکان :

- ئایە کۆکردنی پاشماوە رەقەکان و بەشە خراپەکان لە شوێنێکی تایبەتن.
- ئایە چارەسەری پاشماوە رەقەکان بە: هەڵگەرانەوە چاڵ کاربێکردن سوتاندن
- ئایە کۆکردنەوەی پاشماوە رەقەکان رۆژانەیە لە شوێنیکی تایبەت وە داپۆشراوە .
- ئایە سوتێنەری گونجاو هەیە .

**١٧ - کارپێکردن لەگەڵ پاشماوە شلەکان**

- ئایە چارەسەری پاشماوەکان بە گوێرەی رێکار و مواسفاتی لایەنی ژینگەییەکان رێگای پێدەدات .
- ئایە پاشماوە شلەکان جیادەکرێتەوە بە بەکارهێنانی پالاوتن تایبەت بۆ ئەم مەبەستە .
- ئایە چارەسەری سەرەتای لە سەربرخانە دەکرێت .
- ئایە جیاکردنەوەی چەورییەکان و بەزەکان لە چارەسەری سەرەتایی دەکرێت .
- ئایە حەوزی نیشتبوون بەکاردەهێنرێت بۆ نیشتنی ئەو مادده هەڵواسراوانە
- ئایە ئەو ئاوەی پاشماوەی پرۆژەی نیشتن ئەگوازرێتەوە بۆ تۆری ئاو و ئاووەرۆ
- ئایە چارەسەری بایۆلۆجی بۆ پاشماوە شلەکان دەکرێت کاتێك دەگوازرێتەوە بۆ ئاو و ئاوەڕۆ لە لایەنی ژینگەیی پەیوەندار دەکرێت

**١٨- پێداویستیەکانی کارکردن**

- ئایە کارگەی پرۆتین لە سەربرخانە هەیە

- ئایە تاقیگە هەیە لە ناو سەربرخانە بۆ ئەنجامدانی پشکنین .
- ئایە ناوچەی پاك و خاوێن جیاکراوەتەوە لە ناوچەی پیس
- ئایە کارمەندەکان جیادەکرێنەوە بە گوێرەی شوێنی کارکردنی پاك و پیس
- ئایا تۆماری ئەنجامدانی بواری کارەکان هەیە( scope )
- ئایا تۆماری بنەرەتی هەیە بۆ پێوەری کارکردن

**١٩ . یەکەی کارگێری و خزمەتگوزاری**

- هەبوونی پرسگە
- هەبوونی ژووری تایبەت بە پزیشکانی ڤیتێرنەری
- ئایە ژووری تایبەت هەیە بۆ فەرمانبەران و کارگێری و هونەری و خزمەتگوزاری
- ئایە ژووری تایبەت هەیە بۆ کرێکار و پێداویستیەکانی تایبەت
- ئایە حەمام و ئاودەستی هەیە لە دەرەوەی سەربڕخانە و بە ژمارەی گونجاو
- ئایە دەست شۆر هەیە بە ژمارەی گونجاو بۆ شوتنی دەست بە ئاو و سابوون
- هەبوونی سەوزایی

**شەشەم :**_ژمارەی هونەری : چەندە:؟

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی پزیشکانی ڤیتێرنەری سەرپەرشتیاری حکومی : | | | | |
| ژمارەی پزیشکانی ڤیتێرنەری سەرپەرشتیاری تایبەت : | | | | |
| ژمارەی ئوتومبیلی ساردکەرەوە بۆ گواستنەوەی گۆشت لە سەربرخانە: | | | | |
| ژمارەی قەصابەکان کە سودمەندن لەم سەربرخانەیە : | | | | |
| ژمارەی کارمەندان: | | | | |
| ژمارەی کۆگای ساردکەرەوە: | | ڕووبەر : | | |
| ژمارەی هۆڵی حەوانەوەی ئاژەڵ: | | ڕووبەر : | | |
| ژمارەی هۆڵی سەربرینی ئاژەڵ : | | ڕووبەر : | | |
| هتد.. | | | | |
| | | | | |
| | | | | |

ڕێکخستنی ئەم فۆرمە بەپشت بەستن بە ڕێنمایی ژمارە (٢ ) ساڵی ٢٠٢٣
وەسفی گشتی سەربڕخانە:

ڕاسپاردە:

ڕای هونەری:

ناوی و واژووی ئەندامانی لیژنە:

**تێبینیەکان:**

١- لەکاتی پشکنینی سەرەتایی بۆ دەرهێنانی مۆڵەت ، بڕگەکانی یەکەم و دووەم پردەکرێتەوە. پێش بەرزکردنەوەی مامەڵەکە بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی بڕگەی سێیەمیش پردەکرێتەوە
٢- لەکاتی پشکنینی ناوەندی بۆ دەرهێنانی مۆلەت ، بڕگەکانی یەکەم و دووەم وسێیەم و تەنها مەرجەکانی تایبەت بەباڵەخانەکە پردەکرێتەوە
٣- لەکاتی پشکنینی کۆتایی بۆ دەرهێنانی مۆڵەت ، گشت بڕگەکان پردەکرێتەوە
٤- لەکاتی پشکنین بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەت ، بڕگەکانی یەکەم و چوارەم و پێنجەم وشەشەم پردەکرێتەوە.

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٦٨٥٥ لە ٢٠٢٣/٦/٧**

پاڵپشت بە ماددەی (پەنجاو چوار) لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموارکراوی بەرکار لە هەرێمی کوردستان - عێراق و کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :-

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**تایبەبە هەواڵدەری نهێنی**

**یەکەم:** هەواڵدەری نهێنی بە واتای ئەو کەسەی زانیاری ڕاست و دروست بە شێوەی نووسراو پێشکەش بە دەسەڵاتی دارایی دەکات دەربارەی ئەو باجدەرانە و زانیاری و ڕاستیەکانیان دەربارەی سەرچاوەی داهاتیان لە دەسەڵاتی دارایی شاردۆتەوە و بووەتە هۆی کەمبوونەوەی باجەکەیان یان ملکەچ نەبوونیان بۆ باج لە کاتی خەملاندن وە هەواڵدەر پاداشتی نەختینە دەکرێت .

**دووەم:** بڕی باجی بەدەستهاتوو بە ڕیژەی (١٠٠%) بکرێتە داهاتی کۆتایی بۆ گەنجینەی حکومەت .

**سێیەم:** خەرجکردنی پاداشت بۆ هەواڵدەری نهێنی بە رێژەی (١٥%) دەبێت لە باجی بەدەست هاتووە لە ئەنجامی ئەو هەواڵدانە بەبێ پێبژاردن و سووەکان ( الغرامات و الفوائد)

**چوارەم:**

١- خەرجکردنی پاداشت دەبێ پاش بەدەستهاتنی باجەکە بێت .

٢- خەرجکردنی بەپێی برگەی (سێیەم)ی ئەم ڕێنماییە لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتی باجەکان وخانووبەرەی میری دەبێت .

**پێنجەم:**

١- ناو و زانیاری (هەواڵدەری نهێنی) نهێنی دەبێت و نابێت ئاشکرا بکرێت بەپێی ماددەی (پەنجاو سێیەم) لە یاسایی باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموارکراوی بەرکار لە هەرێم .

٢- گرتنەبەری تۆمارێکی تایبەت لای بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی کە باجەکەی لێ بەدەست هاتووە دەبێت بە نهێنی بێت کە سەرجەم زانیاریە پێویستیەکانی تێدا تۆماربکرێت:

أ- ناوی هەواڵدەری نهێنی

ب- ناوی باجدەر

ج- ژمارەی دۆسیەی باجدەر

د-سەرچاوەی داهات

ە- بری باجی زیادەی بەدەست هاتوو

و- ڕێکەوت

٣- خەرجکردنی پاداشــت بەپێی پســووله بەناوی لیژنەیەکەوە دەبێت و بەڕێوەبەری گشــتی باجەکان وخانووبەرەی میری ســەرۆک لیژنە بێت لەگەڵ دوو ئەندام لەو بەڕێوەبەرایەتییەی کە باجەکەی لێ بەدەست هاتووە .

**شەشەم:** خەرجکردنی پاداشتە کە لە ڕێکەوتی بە دەستهێیانی باجەکە تا (٣) سێ مانگ دەبێت ، دوای ئەو ماوەیە هەواڵدەر مافی وەرگرتنی پاداشــتی نامێنێ ، وە ئەو دۆســیانەی ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە خەرج کردنی پاداشــتەکە دوای (٣) ســێ مانگ لە یەکلا کردنەوەی دۆســیەکە لە دادگا دەبێت دوای ئەو ماوەیە هەواڵدەر مافی وەرگرتنی پاداشتی نامێنی .

**حەوتەم :** فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشــتی باجەکان و خانووبەرەی میری و بەڕێوەبەرایەتیە لاوەکیەکان و کەسانی پلەیەکان ئەو پاداشتە نایانگرێتەوە .

**هەشــــتەم:** ئەم ڕێنمــاییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنـامەی فەرمی (وەقـایعی کوردســـتـان) جێبەجێ دەکرێت.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی تەندروستی**
**ژمارە: ١٠٣٣٣ لە ٢٠٢٣/٥/١٠**

پاڵپشت بە ئەحکامی مادده (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی هەموارکردنی ڕێنمایی سیستەمی لە بری نۆرینگە (بدل عیادات) ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** هەموارکردنەوەی بڕگەی (١) لە ماددەی (٢) بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- پزیشکانی خاوەن پسپۆڕی لە نەخۆشیەکانی خوێن و شێرپەنجەی (گەورە ساڵان و منداڵان)و چارەسەر بە تیشک و پزیشکانی نیشتەجێی دێرین و شارەزا لە گشت پسپۆڕیەکانی سەرەوە ، وە پزیشکانی دەرمانساز لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی خوێن و شێرپەنجە و پزیشکانی کارکردوو لە شوێنە کارگێڕیە پێویستەکان لە دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بە ڕەزامەندی وەزیر.

٢- کارمەندانی تەندروستی کە لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی خوێن و شێرپەنجە کار دەکەن.

**دووەم:** ماددەی (٢): هەموارکردنەوەی بڕگەی (٣) لە ماددەی (٢) بەم شێوەیەی خوارەوە:

٣- کارمەندانی تەندروستی وەك: پەرستاری زانکۆ ( هەڵگرانی بروانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دبلومی باڵا)، پەرستاری پەیمانگا( دبلۆم،یاریدەدەری تاقیگە، دەرچووی زانکۆ یان پەیمانگا)، یاریدەدەری دەرمانساز ( دەرچووی پەیمانگا)، یاریدەدەری سڕکردن ( دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا)، یاریدەدەری چارەسەری سروشتی ( دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا)، وێنەگری تێشك ( دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا)، فیزیایی پزیشکی (دەرچووی زانکۆ)، ن.کارامە ( دەرچووانی ئامادەیی برین پێچی)، لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی خوێن و شێرپەنجە و سندوقی کۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجە.

**ماددەی (٢):**

هەموارکردنەوەی بڕگەی (١) لە ماددەی(٣) بەم شێوەیەی خوارەوە:

مەرجەکانی کارکردن بەپێی سیستەمی لەبڕی نۆڕینگە بریتین لە:

١- دەبێت دەوامی بەیانیانی پزیشکان هەمیشەیی بن لە کاتی زۆر پێویست نەبێت تەنسیب نەکرێن بۆ نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی شێرپەنجە بەڵام کارمەندانی تەندروستی پێویستە میلاکی هەمان نەخۆشخانە و سەنتەرەکە بن لە کاتی نەبوونی هەر ناونیشانێك پێویستە گواستنەوەی ڕاژەیان بۆ بکرێت.

**ماددەی (٣):**

زیادکردنی خاڵی (ج) لە بڕگەی (٢)ی ماددەی (٥) بەم شێوەیەی خوارەوە:

ج- سەرپەرشتی کردن و ڕێکخستنی دەوامی پزیشکان و کارمەندانی سندوقی کۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجە لە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنی سندوقی کۆمەك دەبێت بەپێی خشتەیەکی تایبەت.

**ماددەی (٤):**

زیادکردنی خاڵی (٣) لە بڕگەی (٣)ی ماددەی (٨) بەم شێوەیەی خوارەوە:

٣- ڕۆژانی پشووی پزیشکان و کارمەندانی سندوقی کۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجە لەگەڵ دیوانی وەزارەتی تەندروستی دەبێت.

**ماددەی (٥):**

هەموارکردنەوەی ماددەی(١٥) بەم شێوەیەی خوارەوە:

ماددەی(١٥):

أ- کارمەندانی کارگێڕی (ئەندازیاری ئامێرەکانی لیناك ،IT، فایل، ئامار، سکرتێر، پێشوازی) سوودمەند دەبن لە بودجەی پەسەندکراوی ئەم سیستەمە لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی شێرپەنجە و تالاسیمیا بە مەرجی دیاریکردنیان بە کەمترین ژمارە بەپێی پێویستی.

ب- سەبارەت بە سندوقی کۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجە کارمەندانی کارگێڕی ( ئەندازیاری ئامێرەکانی لیناك،IT ، یاسایی و گرێبەستەکان، ژمێریاری و ووردبینی، بەڕێوەبەری جێبەجێکار و کارگێڕی، فایل، ئامار، سکرتێر، پێشوازی) بە مەرجێك بۆ هەر ناونیشانێك تەنها یەك کەس دەستنیشان بکرێت.

**ماددەی (٦):**

هەر سوودمەندێك لە سیستەمی لە بڕی نۆرینگە لە مۆڵەتی خوێندندا بێت یان هەر مۆڵەتێکی دیکە کە ماوەکەی لە (٣٠) ڕۆژ لە سەر یەك زیاتر بێت پێویستە بڕی نۆرینگە ( بدل عیادات) ڕابگیرێت.

**ماددەی (٧):**

وەزارەتی تەندروستی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان هەڵدەستێ بە دانانی لیستێك بە مەبەستی پۆلێنکردنی ئەو کەسانەی کە سوودمەند دەبن لە سیستەمی لە بری نۆرینگە( بدل عیادات) بە مەرجی ڕەچاوکردنی ( بڕوانامە، پلەبەندی، ساڵانی خزمەت) بە شێوەیەك کە لەو ڕێژەیەی کە لە سیستەمی لە بڕی نۆرینگە ( بدل عیادات) دیاری کراوە زیاتر نەبێت.

**ماددەی (٨):**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامی ئەم ڕێنماییە ناکۆك بێت.

**ماددەی (٩):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ەو جێبەجێدەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە: ٩٩٩٨ لە ٢٠٢٣/٥/٢٥**

پاڵپشــت بە (ماددەی پەنجایەم) لە یاســای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانســتی هەرێمی کوردســتان - عێراق ژمارە (١٠)ی ســاڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو، و رەزامەندی ســەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووســراوەکانی ژمارە (٦٠١٠) لە (٢٠٢٣/٥/١٨) و ژمارە (٥٣٩٢) لە (٢٠٢٣/٥/٧)، و کۆنووســی کۆبوونەوەی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی ئەنجومەنی وەزارەت، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنەوەی (ماددەی دووەم/سێیەم:تاقیکردنەوەی توانستی زانستی/خاڵی ٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ســاڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماســتەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(تاقیکردنەوەی توانســتی زانســتی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماســتەر و دکتۆرا لە لایەن زانکۆکان ئەنجام دەدرێت کە پێویستە ڕەچاوی بنەماکانی دادپەروەری و شەفافیەت و یەکسانی بکرێت).

**ماددەی (٢):**

زیــادکردنی (خــاڵی ٩) بۆ (مــاددەی حەوتەم) لە ڕێنمــایی ژمــارە (٣)ی ســــاڵی (٢٠٢٢)ی خوێنــدنی باڵا/دیپلۆمی باڵاو ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(نابینایان و خاوەن پێداویستی تایبەت بە ڕێژەی (١٠٠%) کە پشتراستی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند بێت، لە کاتی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)، کورسی خوێندنی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە دەرەوەی پلانی پەســـەندکراو بۆ تەرخان دەکرێت و بە بێ پێشــبرکێ وەردەگیرێن، بە مەرجێک خوازیار گشت مەرجەکانی پێشکەشکردنی هاتوو لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی تێدا بێت و لە تاقیکردنەوەی توانســتی زانســتی دەربچێت. لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەشــەکە توانای وەرگرتنی لە ڕووی ســتاف و ســەرپەرشــتیار بە پێی ڕێنماییەکان هەبوو، ئەوا ڕاســتەوخۆ لەگەڵ وەرگیراوەکانی دیکە دەســت بە خوێندنی ئەکادیمی دەکەن، بەڵام ئەگەر هاتوو بەشـــەکە توانای وەرگرتنی نەبوو بە هۆی کەمی ســتاف و ســەرپەرشــتیار بە پێی ڕێنماییەکان، ئەوا خوێندنەکەیان دوا دەخرێت بۆ ســاڵی داهاتووی خوێندن، بەڵام مافی وەرگرتنیان پارێزراو دەبێت و بۆ ئەم مەبەســتەش ســەرۆکایەتی زانکۆکان فەرمانی وەرگرتن لە خوێندن و فەرمانی دواخستن لە خوێندنی بۆ دەردەکرێت. سەبارەت بە لایەنی دارایی کرێی خوێندنی ساڵانەی ناوبراوان، بە شێوەی خۆرایی لەسەر ئەستۆی زانکۆکان دەبێت).

**ماددەی (٣):**
زیادکردنی (خاڵی ١٠) بۆ (ماددەی حەوتەم) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵاو ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە:
زیندانی کراو و گیراوی سیاسی هەرێمی کوردستان (ئەوەی مینحەی مانگانە وەردەگرێت) بۆ یەک جار تەنها، لە کاتی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان و هێنانی نووسراوی پشتگیری بە نووسراوی فەرمی و بە واژووی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان، کورسی خوێندنی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە دەرەوەی پلانی پەسەندکراو بۆ تەرخان دەکرێت و بەبێ پێشبرکێ وەردەگیرێن، بە مەرجێک خوازیار گشت مەرجەکانی پێشکەشکردنی هاتوو لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵای تێدا هەبێت و لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەربچێت. لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەشەکە توانای وەرگرتنی لە رووی ستاف و سەرپەرشتیاری بەپێی ڕێنماییەکان هەبوو، ئەوا ڕاستەوخۆ لەگەڵ وەرگیراوەکانی دیکە دەست بە خوێندنی ئەکادیمی دەکەن، بەڵام ئەگەر هاتوو بەشەکە توانای وەرگرتنی نەبوو بە هۆی کەمی ستاف و سەرپەرشتیار بەپێی ڕێنماییەکان، ئەوا خوێندنەکەیان دوا دەخرێت بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن، بەڵام مافی وەرگرتنیان پارێزراو دەبێت و بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆکایەتی زانکۆکان فەرمانی وەرگرتن لە خوێندن و فەرمانی دواخستن کە خوێندنی بۆ دەردەکات. سەبارەت بە لایەنی دارایی کرێی خوێندنی ساڵانەی ناوبراوان، لەسەر ئەستۆی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان دەبێت بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان.
**ماددەی (٤):** کار بە هیچ ڕێنمایی و بڕیارێکی پێشووتر لەبارەی خوێندنی باڵا ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت، ئەو قوتابی/خویندکارانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە ئیستادا بەردەوامن لە خویندن، ئەوا بەپێی ڕێنماییەکانی پێشوو بەردەوام دەبن لە خوێندن.
**ماددەی (٥):** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە (ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤).

**هۆیەکانی دەرچوون**

بە مەبەستی پێدانی دەسەڵاتی ئەکادیمی بە زانکۆکان بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بۆ خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، و هەروەها ڕەخساندنی هەلی دەرفەتی خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ نابینایان و خاوەن پێداویستی تایبەت بە ڕێژەی (١٠٠%)، هەروەها لە پێناو خەبات و تێکۆشانی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی هەرێمی کوردستان و بە مەبەستی پێدانی دەرفەتی خوێندنی باڵا بە زیندانی کراو و گیراوی سیاسی بۆ درێژەدان بە خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ئەم ڕێنماییەی دەرچوواند.

**د. ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە: ٩٩٩٩ لە ٢٠٢٣/٥/٢٥**

پاڵپشــت بە (ماددەی پەنجایەم) لە یاســای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانســتی هەرێمی کوردســتان ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو، و رەزامەندی ســەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (٥٩٨١) لە (٢٠٢٣/٥/١٧)، و کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی (ئەنجومەنی وەزارەت) و بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم رێنماییە:

**رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٣)**

**رێنمایی هەمواری دووەمی رێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان**
**رێنمایی هەمواری چوارەمی رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر لەزانکۆ حکومیەکانی کوردستان**
**رێنمایی هەمواری سێیەمی رێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان**
**رێنمایی هەمواری پێنجەمی رێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی ماستەر لەزانکۆ حکومیەکانی کوردستان**
**رێنمایی هەمواری حەوتەمی رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی دکتۆرا لەزانکۆ حکومیەکانی کوردستان**

**ماددەی (١):** هەموارکردنەوەی (ماددەی دووەم/برگەی دووەم/خاڵی ٢ و ٣) لە رێنمایی ژمارە (٣)ی ســاڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا، و هەموارکردنەوەی (تەوەری یەکەم/خاڵی ٢) لە رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر، و هەموارکردنەوەی (تەوەری یەکەم/خاڵی ٣-أ) لە رێنمایی ژمارە (٦)ی ســاڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی دکتۆرا، و هەموارکردنەوەی (تەوەری یەکەم/خاڵی ٢) لە رێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی ماســتەر، و هەموارکردنەوەی (تەوەری یەکەم/خاڵی ٣) لە رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە:
قوتابیان/خوێندکارانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە بەشەکانی کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردســتان، تەنها ئەوانەی لە دەرەوەی میلاکی دامودەزگاکانی ســەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانســتی، رێگەیان پێ دەدرێت بە بێ مەرجی توانســتی زمانی ئینگلیزی تاوتوێی ماســتەرنامە و تێزی دکتۆرا ئەنجام بدەن، بەڵام بڕوانامەیان پێ نابەخشــرێت تاوەکو مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی بە پێی رێنماییەکانی پەیوەندیدار دەستەبەر دەکەن.

**ماددەی(٢):** کار بەهیچ رێنماییەک یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ ناوەڕۆکی دەقەکانی ئەم رێنماییە ناکۆک بێت

**مـاددەی (٣):** ئەم رێنماییە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە (رۆژنامەی وەقایعی کوردســتان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوونی ئەم رێنماییە**

لە پێناو بەرژەوەندی گشــتی قوتابیان و خوێندکارانی خوێندنی ماســتەر و دکتۆرا لە بەشــەکانی کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان و بە مەبەستی ئاسانکاری لە پرۆسەی خوێندنی باڵا لە بەشــەکانی ئاماژەپێکراو لەســەرەوە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانســتی هەرێمی کوردستان، ئەم رێنماییەی دەرچواند.

**د. ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی کارەبا**
**ژمارە: ٤١٥٤ لە ٢٠٢٣/٦/٤**

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١ ڕێنمایی و مەرجەکانی پێدانی ووزەی کارەبا**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی کارەبای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١ی هەموارکراو وە بەپێی نووسراوی نووسینگەی سەرۆک وەزیران ژمارە (٧٦٥) لە ٢٠٢٣/٥/٣٠ و پەسەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (٢٢٥٤) لە ٣١/٥/ ٢٠٢٣.

بڕیارماندا بە:-

زیادکردنی برگەیەک بۆ خشتەی ژمارە (٥) تایبەت بە نرخەکانی یەکەی کارەبا لە ڕێنمایی و مەرجەکانی پێدانی ووزەی کارەبا ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١ ، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :-

- **نرخی کارەبای کۆمەڵگەکانی نیشتەجێوون (High cost)بە(١٥٦) دینار بۆ یەک کاتژمێر.**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەبێت لەرێکەوتی ٢٠٢٣/٦/١ و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**ئەندازیار**
**کمال محمد صالح**
**وەزیری کارەبا**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٣٩٨٩ لە ٢٠٢٣/٥/٢٤**

دوا بە دوای ڕێنمایی وەزارەتمان ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی شـوفێری نێودەوڵەتی ژمارە (٧)ی سـاڵی ٢٠٢٢ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بەودەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، بڕیارماندا بە: دەرچواندنی ئەم ڕێنماییە هەمواریيە:

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێو دەوڵەتی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**مـاددەی (١):** هەموارکردنەوەی ماددەی دووەم لە ڕێنمایی ژمارە (٧)ی سـاڵی ٢٠٢٢ و بەم شـێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

**ماددەی (٢):** دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێو دەوڵەتی ئەم لایەنانەی خوارەوەن .

١-بەرێوەبەری گشتی هاتووچۆی هەرێم .

٢-بەرێوەبەرانی هاتووچۆی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم.

**ماددەی (٢):** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٣٤٤٧ لە ٢٠٢٣/٥/٢١**

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسـەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی (٦) بڕگەی (١٣) وماددەی (٢٦) بڕگەی (٢) لە یـاسـای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی سـاڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو و ئاماژە بەفەرمانی هەرێمی ژمارە (٣٩٧) لە ٢٠٢٣/٤/١١ و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان /سـەرۆک وەزیران ژمارە (١٦٧٣) لە ٢٠٢٣/٥/٣ و نووسـراوی سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٤٠) لە ٢٠٢٣/٣/١٥ و دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٢٥٩٩) لە ٢٠٢٣/١/٢٢ سەبارەت بە گۆڕینی ناوی قەزای(دەشتی هەولێر) بۆ قەزای (بنەسڵاوە) و نووسراوی پارێزگای هەولێر ژمارە (٦٥٢) لە ٢٠٢٣/١/١٢ و نووسـراوی ئەنجومەنی پـارێزگـای هەولێر ژمارە (١٣٢٠) لە ٢٠٢٢/١٢/٢١ و بڕیـاری ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ ، بڕیارماندا بە:

١- گۆڕینی ناوی قەزای **(دەشتی هەولێر) بۆ قەزای (بنەسڵاوە)** .

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٥/٣) کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٣٤٦٥ لە ٢٠٢٣/٥/٢١**

**بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی (٦) بڕگەی (١٣) وماددەی (٢٦) بڕگەی (١) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو ، و ئاماژە بەفەرمانی هەرێمی ژمارە (٣٩٧) لە ٢٠٢٣/٤/١١ و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان /سەرۆک وەزیران ژمارە (١٨٣٤) لە ٢٠٢٣/٥/١٠ و نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٤١) لە ٢٠٢٣/٣/١٥ و دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٢٥٩٩) لە ٢٠٢٣/١/٢٢ سەبارەت بە هێنانە کایەی قەزای (قوشتەپە) و نووسراوی پارێزگای هەولێر ژمارە (٦٥٢) لە ٢٠٢٢/١/١٢ ونووسراوی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ژمارە (١٣٢٠) لە ٢٠٢٢/١٢/٢١ و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ ، بڕیارماندا بە:

١- هێنانە کایەی قەزای (**قوشتەپە**) لە سنووری پارێزگای هەولێر بەهەمان سنووری ئێستای ناحیەی (**قوشتەپە**) .

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٥/١٠) کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٤٣٩٥ لە ٢٠٢٣/٥/٢٩**

**بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**تایبەت بە هێنانە کایەی گوندی (کومەزەرد نوی)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بەڕێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکراو و نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٢٦٨٢ لە ٢٧/ ٢٠٢٣/٤ ) و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (٥)ی ساڵی٢٠٢٣ ، بڕیارماندا بە :-

هێنانە کایە ی گوندی (کومەزەرد نوی ) سەر بە ناحیەی دارەتوو/ قەزای بەردەڕەش بەرووبەری (٢٥دۆنم و ٢٠ئۆلک ) لە سەر پارچەزەوی ژمارە (١/٣٣) بە ڕووبەری (٢١دۆنم و ٢٠ئۆلک ) و لە سەر پارچە زەوی ژمارە (١/٣٢) بەڕووبەری (٤) دۆنم لە کەرتی (٧٠/کومەزەرد) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆکدا هاتووە بەپێی یاساکاری کوژانەوە و دەست هە ڵگرتن بکرێت .

-ئەم بەیانەلە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**ئەنجومەنی دادوەری**
**ژمارە: ٣٢٢ لە ٢٠٢٣/٥/٢٩**

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢٣**

لە سەر پێشنیاری سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە ی ناوچەی هە ولێر بە نووسراویان ژمارە (٣٠٣٢/٢٨/٢ لە ٢٠٢٣/٥/٧ ) وە لە بەر بە رژەوەندی گشتی و پشت بە حوکمی مادده /١٤- چوارەم لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧) بە کۆی دەنگی ئامادەبووان بڕیاردرا بە:-

١- کردنەوەی (استحداث) دادگا لە ناحیەی(دیبەگە) بە ناوی دادگای بەرایی کەندێناوە .
٢- ئەم دادگاییە سەر بە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هە ولێر دەبێت .
٣- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونەوەی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکریتەوە .

**دادوەر**
**عبدالجبار عزیز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

---

**ئەنجومەنی دادوەری**
**ژمارە: ١٦٥٦ لە ٢٠٢٣/٥/٣١**

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢٣**

دوای بەدوای ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)کە لە ئەنجومەنی دادوەری هە رێمی کوردستان دەرچووە تایبەت بە یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠١٠) یاسای قەرەبوو کردنەوەی ڕاگیراون وحوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هە رێمی کوردستان - عێراق وە پاڵپشت بەحوکمی مادده (٨) لە یاسای ئاماژە پێکراو و بڕیاردار بەکۆی دەنگی ئامادەبوان بەهەڵوەشاندنەوەی ماددەی (٣)لە ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠١١) ئەو دەقەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە .

**ماددەی سێیەم:**

- ڕەسم وەردەگیرێت لە داواکاری قەرەبوو لەبەر دەم لیژنەکانی قەرەبوو لە تانە لێدان لە بڕیارەکانیان بەپێی یاسای ڕەسمی دادی .
- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونەوەی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکریتەوە .

**دادوەر**
**عبدالجبار عزیز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی (هۆبەی بینینی میزڵدان) لە نەخۆشخانەی ڕزگاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٥/٣١.

**بەیانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی هۆبەی (تاقیگەی تەندروستی چەمچەماڵ) لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی چەمچەماڵ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٥/٣١.

**بەیانی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی (سەنتەری ماد بۆ نەخۆشیە گوازراوەکان) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٦/١.

**بەیانی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی (هۆبەی گورچیلەی دەستکرد) لەنەخۆشخانەی ڕاپەرینی فێرکاری سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٦/١.

**بەیانی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی (بەشی دڵنیایی جۆری و کۆنترۆڵ کردنی هەوکردن) لە بەرێوەبەرایەتی تەندروستییەکانی (هەولێر -سلێمانی -دهۆک – هەڵەبجە -گەرمیان – ڕاپەرین – کۆیە – سۆران -زاخۆ) .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٦/١٣.

**بەیانی ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی (مەڵبەندی تەندروستی گرتووخانەی ناوەندی چەمچەماڵ) لە بەرێوەبەرایەتی تەندروستی چەمچەماڵ سەر بە بەرێوە بەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٦/١٣

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**مجلس القضاء**

**رقم: ١٦٥٦ في ٢٠٢٢/٥/٣١**

**قرار لسنة ٢٠٢٣**

الحقاً للتعليمات رقم (١) لسنة (٢٠١١) الصادر من مجلس القضاء اقليم كوردستان بخصوص قانون (١٥)لسنة (٢٠١٠) قانون تعويض الموقوفين والمحكومين عند البراءة والافراج في اقليم كوردستان واستناداً الى احكام المادة الثامنة من القانون المذكور اعلاه قرر مجلس القضاء بأجماع أصوات الحاضرين بإلغاء المادة الثالثة من التعليمات رقم (١) لسنة (٢٠١١) ويحل محله النص الاتي :

المادة الثالثة – يستوفى رسم عن المطالبة بالتعويض أمام لجان التعويض وعن الطعن بقراراتها وفق قانون رسوم العدلي .

-وينفذ هذا القرار إعتباراً من تاريخ صدور ه وينشر في جريدة وقائع كوردستان .

**القاضي**
**عبدالجبار عزيز حسن**
**رئيس مجلس القضاءلاقليم**
**كوردستان / العراق**